# کورتە باسێکی مێژووی شاری رواندز



زرار محەمەد مستەفا

تاکو ئێستا هیچ لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لەسەر ئەم شارە دێرینە نەکراوە، رۆشنبیر و خوێندەوارەکانی شارەکەمان، ئەوەندەی پرژاونەتە سەر سیاسەت و لایەنی عەسکەرتاری، ئەوەندە بیریان لە شارەکەی خۆیان نەکردۆتەوە، کەهیچ نەبێ لە رووی مێژوویییەوە ئاورێکیان لێدابایەوە، بۆیە تاکو تەرا نەبێ باسی ئەم شارە نەکراوە، بەتایبەتی مێژووی دامەزراندنی و مەبەست لە دامەزراندنی، بۆیە منیش وەك وەفادارییەك بۆ شارەکەم دەستم داوەتە پێنووس و هەرچی دەستم کەوتبێ لە نووسین و سەرچاوە، دەیخەمە بەر دیدی خوێنەرانی خۆشەویست، هیوادارم بەردێکی نوێم لە بناغەی بنیاتنانەوەی شارەکەم دانابێ.

رواندز، هەروەکو لە ناوەکەی دیارە قەڵایەکی سەخت و دژوارە و لەسەر بەرزاییەکی بڵند دروستکراوە، دوو گەلی سروشتی دوو لای پاراستووە، شاخە بەرزەکانی تریش بوونەتە دیواری سەخت و پۆلایین و لە هەموو هێرش و پەلامارێکی دوژمن پاراستویەتی و خۆی بۆتە سەنگەر و مەکۆیەکی قایم. رواندز هەر لە سەرەتایی دروست بوونیەوە، بەمەبەستی سەربازی بنیاتنراوە، هەر بۆیەش هەمیشە لە سەر بەرزایی و گردی بەرز دروستکراوە و بە دیواری سروشتی قایم دەورەی دراوە، ئەمە لە رووی جوگرافی و ستراتیجی شوێنەکەوە.

بۆیە هەر کاتێ دەسەڵات بەسەر رواندزدا نەگیرابێ، ئەوا زۆر سەخت و دەگمەن بووە، کۆنترۆڵی ناوچەکە بکرێت.

**ناوی رواندز:**

رواندز بەپێی ناوەکەی زۆر مانا و مەبەست دەگەیێنێ، چەندەها بیرو بۆچوون هەیە لەسەر لێکدانەوەی مانای (رواندن)، وەکو فۆنەتێکی ناوەکەش بەزۆر شێوە گوتراوە، لەوانە: ( راواندوز، رەواندوز، رەواندز، رواندن، رواندز)، کە ئەمەی دوایی لە هەموو راسترە، لەبەرئەوەی لە دوو بێژە پێکهاتووە (روان) (دز _ دژ)، کە لەسەر زاری هەموو خەڵکی رواندزدا بەم شێوەیە گوتراوە.

1– لە (المرشد الی مواطن الاثار و الحضارة) تەها باقر و فواد سفر ( 1962 – 1969) دا هاتووە: ناوی (رواندن) لە دوو بێژە پێکهاتووە (روان) ناوی خێڵێکی کوردییە و (دژ) کە بەزمانی کوردی (قەڵا)یە، لەوانەشە قەڵای رواندز هەر ئەو قەڵایە بێ، کە (ابن الاثیر) لە (التاریخ الکامل)دا لە رووداوەکانی ساڵی (627) باسی کردووە بە ناوی (رونبدون).

2– مامۆستا (غالب الطالبانی) بەم شێوەیە ناوی (رەواندزی) لێك داوەتەوە و دەڵێ" بریتییە لە (رەوان) واتە خێرا و سوك و دووەم (دز – دژ) واتە (قەلا). بە مانای قەڵای وەستانی پۆستەبەرەکانی کۆن، کە لەو شوێنەدا دوای رۆیشتنێکی زۆر و خێرا دەحەسانەوە.

هەروەها مانەیەکی تریش دەبەخشێ، کە (رەوەن) واتە (رەوەند) و کۆچەر، کە دەبوایە هەر بەو رێگایەدا واتە (رواندن) رەتبووبان لە هاتووچۆی گەرمیان و کوێستاندا.

3– حوزنی موکریانی دەڵێ: " وشەی (رواندن) لە ( روین و دژ) پێکهاتووە، بە مانای (قەڵای پۆلایین).

دکتۆر ( محمود أمین) لە نووسینێکدا دەڵێ: (ئاشورییەکان بە شاری رواندز یان دەگوت ( مصاصر).

بەڕای من بۆچوونی حوزنی موکریانی راستە و لە بێژەکەشی



**رواندز بەپێی ناوەکەی زۆر مانا و مەبەست دەگەیێنێ، لەسەر لێکدانەوەی مانای (رواندز) چەندەها بیرو بۆچوون و لێکدانەوە هەیە، وەك فۆنەتێکی ناوەکەش بەزۆر شێوە گوتراوە.**

هەروا بەڕاستی دەخوێندرێتەوە، کە (روین دژ)ە.

**دروست کردن و بنیات نانی شار:**

بەپێی نووسراو و سەرچاوەی مێژووی چاخە کۆنەکان، بەپێی گوتەی پرۆفیسۆر (د. جەمال رەشید)، لە نیوەی یەکەمی هەزار ساڵ پێش لەدایك بوونی حەزرەتی عیسا، نەتەوەیەك لە کوردستاندا دەژیان بە ناوی (ئۆراتۆ) واتە (ئاراراتی یەکان) و ئیمپراتۆریەتێکی گەورەیان پێکهێنا لە دەوروبەری گۆلی وان و لە دواییدا توانیان ناوچەکانی باکوری زێی گەورە و چەند بەشێك لە کوردستانی رۆژهەلات و باشوور داگیربکەن، لەوانە ناوچەکانی رواندز و دەوروبەری، کە زۆر لایان پیرۆزبووە لەبەرئەوەی گەورەترین پەرستگای خوداوەند (خەلدی) لێ بووە. ئەو شوێنەی



پەرستگایەکەی لێ بووە پێیان دەگوت (ئەردینی) و ئاشورییەکان پێیان دەگوت (موساسیر) کە (مجێسەر)ی ناحیەی برادۆستە، یەکێك لە کارەکانی ئەم ئۆراتۆیانە دروستکردنی قەلایەکی سەختبووە لە نێوان (رواندز – ئاکۆیان) لەسەر بەرزایەك و شارێکی گەورەیان لە دەوری ئەم قەلایە دروستکرد، بەرزایەکەش (قەلاتی شۆشێ)یە و تاکو ئێستاش پاشماوەی دیوار و خانوو لەپشتی قەلاکە بەرچاو دەکەوێ، ناوی قەلاکەش ئەگەر لێکی بدەینەوە، هەر لەوانەیە بێژەیێکی ئۆراتۆیی بێت، یان بەناوی یەکێك لە پادشاکانیان کرابێت، چونکە بەپێی گوتەی چەند مرۆڤێکی بە تەمەنی ناوچەکە لە زارکی گەلی خەرەند، واتە (بێرۆ) بەنداوێکیان دروستکرد و ئەم ناوچەیە بوو بە گۆلێکی ئاوی دەستکرد، کە ئێواران پادشا و دار و دەستەکانیان بە بەلەم لە ناو ئەم ئاوە دەسوڕانەوە بۆ حەسانەوە و گەشت.

**بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان رواندز زۆر کۆنە و لە پێش زایندا بە هەزار ساڵ دروستکراوە و شارێکی گەورەبووە لە دەوری قەلاتێ شۆشێ، ئەو قەلایەی وەك مێژوونووسان باسی دەکەن، تاکو ساڵی(1207 زایین) سەختترین و قایمترین قەلای ئەم ناوە بووە..**

لێرەدا بۆمان روونەبێتەوە، کە شاری رواندز زۆر کۆنە و لە پێش زایندا بە هەزار ساڵ دروستکراوە و شارێکی گەورەبووە لە دەوری قەلاتی شۆشێ.

مێژوونووسە (سوریانییەکان) دەلێن ئەم قەلایە واتە (قەلای رواندز) تاکو ساڵی (1207 زایین) سەختترین و دژوارترین و قایمترین قەلای ئەم ناوە بووە.

ئەم شارە بەپێی بارودۆخ و ڕووداوەکان بە تایبەتی لە رووی ستراتیجیەتی شوێنەکەی هەمیشە ببووە جێی دەست درێژی و چاوچنۆکی دوژمنان، بۆیە شوێنی شارەکە چەند جار جێگۆڕکێی کردووە. بەپێی دەستنوسێکی خوالێخۆشبوو (حاجی مەلا عومەر خەیلانی) و تۆمارکردنی مامۆستایی پایەبەرز (مەلا ئەسعەد خەیلانی)دا هاتووە: شاری رواندز چوار جار شوێنی گۆڕاوە، رواندز خۆی شارەکی قەدیمە فەقەت، ئێستاش چار مەحەلی گۆڕایە، لە قەدیمدا شاری رەواندزێ لە مەوقیعی قەلاتی شۆشێ و کوڕەکی بووە، کە لە جیهەتی جنوبەوە قیبلەی دۆرئاکۆیانە، ئێستاش ئاساری قەلات و بینا لە وێندەرێ مایینە و ئاوی گەلی مێگری لۆ ئەو شارەی چووە، پاشان بە مروری زەمان شاری رواندز نەقلی کردیتە تەپەی قەلات و مەزرەعەی بێشۆران. تەپەی قەلا کۆشکی لە جیهەتی غەربی رێگەی گەلی مێگر و بێجانێ، بەلای سەردریان و رەشمالۆکی، لەسەر ئەو تەپەی ئێستەش ئاساری قەلات و بینا و مەزرەعەی بێشۆران ئاساری عەتیقەی(کۆن) مایە، لەپاشان لە تەئریخی (445کۆچی) بە ئیقتیزای زەمان و زەمین نەقلکرایە لۆ ئەو جێ یەی کە لە ئیستیلاتی رووسی سوتاندرایە. ئەگەر بە هیمەتی (سەید تەها ئەفەندی) لە مەوقیعی قەلاتی بەپینە لە شکلی شار و مەعموریەتێکی تەمامی لێ پەیدابێ، بە تواریخی چار جار مەوقیعی شاری رەواندز گۆڕایە. ئەمە دەقی دەستنووسەکەی خوالێخۆشبوو (مەلا ئەسعەد خەیلانی)یە، کە ئەویش لە دەستنووسی (حاجی مەلا عومەرە فەندی خەیلانی)دا لەساڵی (1927ز) تۆماری کردووە.

سەرچاوەکان:.

1-دراسات کردیة فی بلاد سوبارتو (الدکتورجمال رشید).

2-تأریخ الکرد القدیم (د.جمال رشید _ د.فوزی رشید)

3- اصول أسماء المدن و المواقع الاثریة العراقیة، المحامی جمال بابان، بغداد، 1989 ص130-131

4-ظهور الکرد فی ألتاریخ (الجزء الاول)، د.جمال رشید.

5–گۆڤاری کاروان ژمارە (109 ساڵی 1997) ل 47، لە نووسینێکی کاك تاریق جامباز.

# دەسەڵاتی سیاسی و کارگێری میر محەمەد پاشا



بەختیار سەباح

لە ئەنجامی شەڕی نێوان هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی، کە ئەو کات کوردستانیان کردبووە گۆڕەپانی شەڕەکە، لەونێوەندەدا چەندین میرنشینی کوردی سەریان هەڵدا، لەوانە ( میرنشینی سۆران، میرنشینی بابان، میرنشینی بادینان، میرنشینی ئەردەلان )، کە هەریەك لەم میرنشینانە، بەپێی توانا و قەبارەی خۆیان هەوڵیان بۆ سەربەخۆیی کورد دا .

بەڵام یەکێك لە میرنشینە گەورەکانی ئەو سەردەمە، میرنشینی سۆران بوو، ئەوەی لەو میرنشینەش رۆڵی گرنگ و بەرچاوی بینی لە پەرەپێدانی ئەمارەتەکەی، ( میر محەمەد _ پاشای گەورە) بوو. هەوڵ دەدەین، باس لە هەندێك ژیان و دەسەڵاتی ئەو میرە لە رووی سیاسی و ئیدارییەوە، کە چۆن توانی مامەڵە لەگەڵ هەلو مەرجی سیاسی ئەو کاتدا بکات.

**ژیانی میر محەمەد:**

( میر محەمەدی کوڕی مستەفا بەگ )ە، لە ساڵی ( 1775 یان 1784 ) لە رواندز هاتۆتە دونیاوە، دایکی ناوی ( بوك شازەمان ) بووە، ژنێکی زۆر تێگەیشتوو بووە، باوکی، میر محەمەد بۆ خوێندن دەنێرێتە لای مەلا ئەحمەدی ئیبنوئادەم لە دێلزێ، کە زانایەکی گەورەی ئەو کات بووە، میر محەمەد ( خەدیجە)ی کچی بایز بەگی مامی خۆی خواستووە.

**سەرەتاو چۆنیەتی دەسەڵات گرتنە دەست :**

دوای ئەوەی مستەفا بەگ لە دەستی براکانی بێزار بوو، بەدوای میر محەمەدی نارد لە شوێنی خۆی دایبنێ و بیکات بە میری رواندز، بەڵام میر محەمەد سێ مەرجی بۆ باوکی دانا، کە بریتی بوون لەمانە:

1-مانگانە ( 60000 ) ریاڵ بداتە مستەفا بەگو ( 30000 ) ریاڵ بداتە ( بوك شازەمان )، کە دەکاتە( 90000 ) ریاڵ.

2- باوکی دەست نەخاتە کاروباری میرنشینەکەوە.

3-رواندز بەجێ بهێڵێ و لە گوندی ئاکۆیان دابنیشێ.

بەڵام دیار بوو، مستەفا بەگ بەم سێ مەرجە رازی نەبوو، نەیدەویست وا بە ئاسانی دەست بەرداری دەسەڵات بێت، بۆ ساڵی دواتر ناکۆکیەك لە نێوان میر محەمەدو مستەفا بەگی باوکی لەسەر دەسەڵات سەری هەڵدا، ئیدی مستەفا بەگ ناچار بوو، بەدوای میر محەمەدی نارد تەواوی موڵك و سامان و خەزێنەی



میرمحەمەد رواندزی (کۆوار)

هەیبوو پێی داوو بە سێ مەرجەکەش رازی بوو، بەمەش دەسەڵاتی میرنشینی سۆرانی گرتە دەست و شاری رواندزیشی کردە پایەختی میرنشینەکەی.

بەڵام وەك دیارە هەر لە سەرەتای دەسەڵات گرتنە دەست زۆر توندبووە، بە هیچ شێوەیەك نەرمی لەسەر هەڵوێستەکانی خۆی نەنواندوە، هەتا لەگەڵ خزمە نزیکەکانی خۆشی، هەر زوو ( تەمەرخان و یەحیا بەگی) مامی گرتن و کوشتنی، زۆر لە سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە بە پردی کاولۆکانی هەڵواسیوون .

ئەوەی بەلای میر محەمەدەوە زۆر پێویست و گرنگ بوو، لەپێش هەموو شتێك شوێن پێی خۆی و مەڵبەندەکەی لە رواندز قایم بکات، بۆ ئەم مەبەستەش دەستی کرد بە نۆژەن کردنەوەی شورەو دیوارە نیوە ڕووخاوەکانی رواندز، کە زۆربەیان کەڵکی ئەوەیان نەمابوو لە ئاست هێرشی دوژمندا خۆیان پێ ڕابگیرێت. لە باکوری

شارەکە لەسەر بەرزاییەکدا، کەوتە دروست کردنی قەڵایەک، کە ناوی بە ( نایج قەڵا ) یاخود ( ئیج قەڵا ) دەرکرد، کە ئێستاش ئاسەوارەکەی ماوە، لە هەمان کاتیشدا شورەیەکی قایمی بەدەوری شارەکەدا دروست کرد، ئەم شورەیە سێ دەروازەی هەبوو، لەسەر هەر دەروازەیەك قوونگرەی پاسەوانی دروست کردن و بورج و سەنگەری لێ دامەزراندن، لە ڕۆژئاوای شار دوو قوونگرەی دروست کردوون، لە دەروازەکەی ئەم شیعرە فارسییەی نووسراوە:

(( دو کنگر رانهادم بردو بیکر ، رەواندز شدرو بن دژ باری دیگر )).

دوو قونگرەی تریشی لە ڕۆژهەڵاتی شار دروست کردوون، ناوی ناون جووت قونگرەی شەمامێ، کە ئیمرۆش پاشماوەکەیان ماوە.

لەپاش ئەمە میر محەمەد بیری لە هەبوونی سوپایەکی بەهێز کردەوە، سوپاکەشی سەرەتا بریتی بوو: لە دوو هەزار پیادە و هەزار سوار. سەربازەکان مانگانە پارەیان وەردەگرت، بەڵام زۆری نەبرد. میر لە بنەڕەتەوە سەر لەنوێ دەستی بە هێزەکانی خۆی داهێنایەوە و ڕێکخستنەوە، کە ژمارەی هێزەکانی بە گشتی گەیشتە ( 15 ) هەزار چەکدار، کە هەموویان یەك جۆر جل و بەرگیان لەبەردابووە، چەکی سەربازەکان، شیر و تفەنگی لوولە کورت بووە، سەرهەنگی سەرۆکی هێزەکان دیارە جل و بەرگێکی تایبەتی لەبەر دابووە، بەوە لەوانی تر جیا کراونەتەوە، میر محەمەد بایی ( 3 تا 4 ) هەزار ریاڵ چەکی کڕیووە. بۆ زیاتر ڕێکخستنەوەی هێزەکانیشی، کۆمیتەیەکی جەنگیشی دامەزراند، کە لە پێنج ئەندام پێك هاتبوو، سەرۆکی ( کۆمیتەکە )، ئەحمەد بەگی برای میر بوو، ئەوانی تریش، حەمەدی شێروانی مامیس، عەبدوڵلا سەرهەنگی ئاکۆ، خدری حەمەدی ، سۆفی ئاغا بوون .

ئەو کارانەی میر محەمەد بیری لێدەکردەوە، هیچی کەمتر نەبوو لەکارەکانی، لە دەوڵەتێکی سەربەخۆ، ئەوەبوو بیری لە دروست کردنی کارگەیەکی چاك کردەوە، بۆ ئەوەی پێویستی بە کڕینی چەکیش نەبێت. ئەوەی لەم ڕووەوە بوو بە هاوکارێکی سەرەکی بۆ دروست کردنی ئەم کارگەیە، کاتێك میر محەمەد بڕیاریدا هێزەکانی بنێرێتە سەر برادۆست، واتا حەسەن بەگ لە قەڵای ( سەرداڵ ) یان ( سەرداو )، پاش ئەوەی هێزەکانی میر محەمەد بە پەیژەوە بەسەر قەڵایەکە سەردەکەوێ و هێزەکانی حەسەن بەگ راو دەنێن ، کانە مس و قوڕقوشمی لەوێ دۆزیووەتەوە و بە کاروانی گەورە بۆ رواندز گواستویەتیەوە، کە ئەمە هاندەرێکی باش بوو بۆ میر محەمەد، کە لە ساڵی 1816 کارگەیەکی گەورەی چەك و جەبەخانە لە رواندز دابمەزرێنێ، کە تیایدا تفەنگ و تۆپ و دەمانچە، بەهەموو قەبارەیەك لە لایەن ( وەستا ڕەجەب ) دروست دەکران . هەر لەبەر ئەمەش میر خەڵاتێکی باشی وەستا ڕەجەب و شاگردەکانی کرد، جل و بەرگ و ولاغێك و هەزار ریاڵی بۆ وەستا ڕەجەب و بۆ هەر یەك لە شاگردەکانیش سەد ریاڵ. وەستایەکی تریشی لە شاری ورمێوە بانگ کرد بە ناوی ( خان گلیدی ) ، کە ئەرکی داربڕین و هەندێ چەکی بچوکیشی لە ئەستۆ بوو. لەپاڵ ئەمەشدا میر محەمەد قەڵا دروستکردن و شورەچاکردن و قایمکاری، سەنگەر هەڵکەندن، ڕێگاوبان و شتی تری لەم بابەتانەی، بە وەستا ( برایمی ماویلی ) سپارد. هەرچی کاروباری بازرگانیشە درا بە ( حاجی مستەفا ئاغا ).

میر محەمەد هەوڵیدا، لە ڕووی ئیداریشەوە، دەسەڵاتی خۆی ڕێك بخاتەوە و بیری لە چاککردنی ژیانی خەڵك کردەوە، هەوڵی خۆشگوزەرانی تەواوی چین و توێژەکانی خەڵکیدا، بەرێزیشەوە ئاوڕی لە شاعیرو زانایان ئەدایەوە، بە تایبەت ئەوانەی لە دەور و پشتی میر کۆببونەوە، لەم ڕووەشەوە یەکێك لە کارە هەرە گرنگەکانی میر، دامەزراندنی ئەنجوومەنی ( زانایان ) و ( حەکیمان ) بوو، ئەو ئەنجوومەنە کۆمەڵێك یاسای دانابوو، ئەبوایە دانیشتوان پەیڕەویان بکردایە و لێیان لانەدابا.

دیوانێکیشی لە رواندز دامەزراندبوو، کاروباری دەسەڵاتی ناوخۆی خستبووە ئەستۆ. ئەوەی بەلای میر زۆر گرنگ بووە لەم بوارەدا، باشتر کردنی باری ئابووری خەڵك و بەکارهێنان و سوود وەرگرتن لە سامان و کەرەسەی خاوی میرنشینەکەی بووە.

لە ساڵی 1826 کاتێك میری گەورە، پێویستیەکانی فەرمانڕەوای پێك هێناو، چەك و



یەکێک لە تۆپەکانی وەستا ڕەجەب لە ناو شاری رواندز

**ئەوەی بەلای میر محەمەد زۆر گرنگ و جێی بایەخبووە، باشتر کردنی بژێوی خەڵك و گەشەپێدانی باری ئابووری میرنشین و بەکارهێنان و سوود وەرگرتن بووە لە سامان و کەرەسەی خاوی وڵاتەکەی.**

تفاقی رێك خست، حکومەتە بچوکەکەی خستە شێوەی حکومەتێکی زۆر بەتوانا، بۆ ئەوەی سەربەخۆیی میرنشینەکەی لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی پیشان بدات، جاڕی ئازادی و سەربەخۆیدا، ناوی خۆی نا ( امیر منصور )، بەم ناوە هەموو فەرمانڕەوا دراوسێیەکانی لەرزاند.

بەمەش نەوەستا زوو سکەی پارەی لێدا حەوت جۆرە پارەبوون ، هەندێکیان لە زێڕو هێندێکی تریان لە زیوو، ئەوانی تریش لە مس دروست کرابوون، جۆری پارەکانیش ئەمانە بوون:

1- یوزلغ ( پازدە قروش بووە ) .
2- ریاڵ ( یازدە قروش بووە ) .
3- تانگیر ( چوار قروش بووە ) .
4- قروش ( حەوت قروش بووە ) .
5- جلیك یان ( جلق ) سێ چارێگە قروش بووە .
6-خودابەند( چاریگە قروشێك بووە ) .
7-شای ( کە نیو قروش بووە ).

سەد قروشەکەی میر محەمەد بە لیرەیەکی تورکی عوسمانی چووە، لە دیوێکی پارەکە نیشانەی سەربەخۆیی میرنشینەکەی لەسەر هەڵکەندرابووە و ( میر مەنسور – محەمەد بەگ )، لە دیوەکەی تریش نوسرابووە، ( ضرب فی رواندز ) واتا لە رواندز لێدراوە. بەم کارانەی میر محەمەد ترسی خستۆتە دڵی دوژمنانی، چونکە دەیانزانی ئەمە کارێکی کەم نیە و دەیەوێت سەربەخۆ بێت، ئەویش هەر بەردەوام بوو لەسەر فراوان کردنی دەسەڵاتەکەی لە پێناو یەك خستنی خاکی کوردان و کۆکردنەوەیان لەژێر باڵی خۆی، بەزەبری چەك و لەسەر حیسابی هەرێمە نیمچە سەربەخۆکان. هەر لەم ماوەیەدا شەڕو شۆڕو بەگژاچوونی میر دژی کاربەدەستە کوردەکانی دراوسێ پەرەی سەند، زیاتر مەبەستی ئەوەبوو دراوسێکانی دان بە دەسەڵات و سەربەخۆکەیدا بنێن و پشتی بگرن ، هەروەها لەشکر کێشی کردە سەر هەولێر و هەتا سەر زێی بچووکی دەست بەسەردا گرت، ولاتی بابان و کۆیە و ڕانیەشی گرت، لە ساڵی 1832، لەشکرێکی یەکجار زۆری بردە سەر ئاکرێ و ئامێدی ( سەعید پاشای ) میری بادینانی بەدیل گرت لە پاشان میری ئێزدیانی گرت و لە رواندز بەندی کرد، دوای دوو ساڵیش کوشتی و بەرە و جزیرەش ڕۆیشت، ئینجا ماردین و نوسەیبینی گرت و هێرشی کردە سەر چەندین ناوچەی تری کوردستان و میرنشینە کوردیەکانی دراوسێی، دەیەویست بە هێز بیانخاتە ژێر ڕکێفی خۆی.

بەم زێدە ڕۆییەی میر محەمەد، دەوڵەتی عوسمانی ترسی لێ نیشت، بۆیە لە دژی دەستیان دایە شەڕ، سوڵتان مەحمودی عوسمانی لەشکرێکی پڕچەك و بە هێزی بە سەرکردایەتی ( محەمەد رەشید پاشای سەدری ئەعزەم ) ناردە شەڕ و فەرمانیشی بە ڕەزا پاشای والی موسڵ دەرکرد، لەلایەکی ترەوە بە لەشکر بۆی بچێ.

میر محەمەد، کە زانی لە دەشت شەڕی ئەو لەشکرە زۆرەی بۆ ناکرێ، بەرەو رواندز هاتەوە و لە قەڵا قایمەکانی رواندز خۆی توند کرد، گەڵ عەلی بەگیشی لە دوژمن گرت، لەشکری عوسمانیەکانیش لە هەریر بوو ، سەدری ئەعزەم، ناردیە لای و ئامۆژگاری کرد، کە شەڕی خەلیفەی موسولمانان نەکا، مەلاشی بە هەموو لایەکدا ناردن. لەم رووەوە چەندین ڕای جیاواز هەن سەبارەت بە لە ناوچوونی میرنشینی سۆران، یان بڵێین دەسەڵاتی میر محەمەد، کە گوایا لە گەرمەی ئەو شەڕەدا ( مەلای خەتێ ) فەتوایەکی داوەو گوتویەتی : ( هەر کەس لە فەرمانی خەلیفە دەرچێت تەلاقی دەکەوێ، خوێن و ماڵی بۆ موسوڵمانان حەڵاڵە)، واشی بۆ میر داناوە ئەگەر خۆشی بەدەستەوە بدات، هیچی بەسەر نایەت، ئەوەبوو خۆی دایە دەست ( سەدری ئەعزەم )و بردیە ئاستانە و لە ساڵی 1836 لە تەرابزون کوشتیان. بەڵام من پێم وایە ئەگەر مەلای خەتێ ئەو فەتوایەشی دابێت ، بە فاکتەرێکی سەرەکی نازانم بۆ لەناوچوونی میرنشینەکە، ئەگەر حوکمەکەشی بەپێی ئاین و قورئان بێت، یان بە واتایەکی تر، ئەگەر کاریگەری ئاینیشی بەسەرەوە بووبێت، کەسێکی ئەوەندە نەزان نەبووە، تاکو بەئاسان بەو فەتوایە هەڵخەڵەتێت ، مەلاش نەیتوانیوە ئەمری بەسەرەوە بکات، کە دەبێت جێ بەجێی بکات، ناشڵێم فەتواکە نەدراوە و مێژوونووسێکی گەورەی وەك: (سەید حوسێن حوزنی موکریانی ) ئەو خیانەتەی بدەمە پاڵ ، کە فەتواکەی لە بەرژەوەندی کەسێکی وەك ( سەید تەها ئەفەندی ) نووسیبێتەوە.

بەو پێیەی کە ناکۆکیەك هەبوو ، لە نێوان بنەماڵەی مەلای خەتێ و سەید تەها ئەفەندی . بەڵکو هۆکاری تر لەپاڵ ڕوخانی میرنشینەکە بوونیان هەیە، لەوانە هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ، لە نێوان خودی میرنشینە کوردییەکان، بە تایبەت میرنشینی بابان ، میر محەمەد زۆرتر لایەنی مەزهەبی سوننەی دەگرت، نەك مەزهەبی شیعە، کە ئەمەش وای لێهات ئێران ببێتە دوژمنی سەرەکی میرنشینەکە. لەناوچوونی دەسەڵاتی محەمەد عەلی لە میسر، کە میر محەمەد پەیوەندیەکی باشی لەگەڵ ئیبراهیم پاشای کوڕی هەبوو، بەردەوام چەك و جبەخانەی بۆ دەنارد.

میر محەمەد ئەوەندەی گرنگی بە دروستکردنی قەڵایەك ئەدا بۆ شەڕ، ئەوەندە گرنگی بە دروست کردنی قوتابخانە نەئەدا بۆ خوێندن، تا وای لێهات خەڵکەکە بێزاربوو، ئەمە و چەندین هۆکاری تر پەیوەندییان بە روخانی دەسەڵاتی میر محەمەدەوە هەبووە .







سەرچاوەکان
مێژووی میرانی سۆران ( حوسێن حوزنی موکریانی ).
کوردەکانی سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ( کاوس قەفتان ).

# کورتەیەك لە بزاوتی ڕۆشنبیری و بەخششەکانی دەڤەری سۆران



حوسێن مستەفا

شاراوە نییە کە دەڤەری سۆران پێگەیەکی دیارو پڕبایەخی لە مێژووی کوردستاندا لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا هەیە و کەم تا زۆرێك لەو ڕۆڵ و کاریگەریانەی کەسێتی دەڤەرەکە باسیان لێوە کراوەو شانازییەکی گەورەشە بۆ کەسێتی ئەو ناوچەیە، کە شوێنەواری لە پێکهێنان و بەرەو پێشبردنی کۆمەڵگای کوردەواریدا زۆر دیارو پێش چاوە. وەلێ ئەوەی ئێمە لەم وتارەدا دەیخەینە بەرتیشك، بەشێك لەبزاوتی ڕۆشنبیری و بەخشش و خزمەتگوزاریەکانی ڕابردووی ئەو دەڤەرەیە، کە وێڕای ئەوەی هەمیشە مەیدانی بەرەنگای و ململانێ و کوشتاری خوێناوی بووە لە سەر دەستی هەر یەك لە سووپا داگیرکارەکانی( رووس، ئینگلیز، تورکی عوسمانی، رژێمە سەرسەختە یەك لەدوا یەکەکانی داگیرکاری عەرەبی عێراقی)، لەگەڵ هەموو ئەو دژواریانەی هاتوونەتە ڕێی ژیانی، بەڵام هەڵمەت بردن و ڕاونانی دوژمنان، قوربانیدان و گیانبازی، دیمەنی دڵگیری زنجیرە شاخی(کۆڕەك-ئاراسن، هەندرێن-کارۆخ، زۆزك-هەڵگۆرد)و، دیمەنی سەرسوڕهێنی (خەرەند، خارەڕەش ، دەنگارە، پڕژە، باڵەکایەتی )و، تاڤگە سازگارەکانی (بێخاڵ-جندیان-گەلی عەلی بەگ)و، بەهارە واری(بێرۆ-مەزرا)و، نێرگزەجاڕی (بێشۆران)، وایان لە عاشقان و بەهرەدارانی ئەو دەڤەرە کردووە کە ئەم هەموو دیمەنە جۆراوجۆرانە بە بەخششێکی ئەدەبی، هونەری، ڕۆژنامەوانی، خزمەتگوزاری، وەك زادەی ئەندێشەو تێڕوانینەکانیان دەربڕن.

ئەگەر مەملەکەتی ئێمەش وەك هەر وڵاتێکی جیهانی سێ دواکەوتوو و بەجێماوە، بەر لەهەر شتێك بۆ ژێر دەستەیی و نەبوونی قەوارەیەکی سەربەخۆ بووە، لەگەڵ هەندێش ڕۆڵەکانی گەلی کورد بەدوای عیلم و زانستدا، ئەم شار ئەو شاریان کردووە، سەرەتا لە حوجرەو خانەقاکان، لەبەر سیپارەو کتێبی پیرۆزدا خوێندوویانە و شارەزاییان لەزانستەکانی زمان، بەلاغە، ئەستێرەناسی، هەندەسەو بیرکاری،..تد پەیداکردووە، تیایاندا زانای هێند گەورە هەڵکەوتووە، کە نێوبانگی بە سەراپای جیهانی ئیسلامیدا بڵاوبۆتەوە، وەك (مەلا ئەبوبەکری میر رۆستەمی، مەلا محەمەدی خەتێ، مەلا عەبدوللای گەلاڵی، مەلا ئەحمەدی گەلاڵی، حەیدەری، ئیبنوئادەم، شێخ عەلی وەسانی، مەلا عەبدولکەریم ئەفەندی خەیلانی، ....هتد) کە هەر یەکەی سەدان موریدو شاگردو نەوەی لە دوا بەجێ ماون و ئەوانیش هەریەکە بەپێی ئاستی زانیارییان خزمەتیان بە گەل و وڵاتی خۆیان کردووە.

لەبەر نەبوونی دەرفەتی نووسینی بابەتی دوورودرێژ لە لاپەڕەکانی کۆڤارێکی مانگانە، لەناویاندا تەنها ئاماژە بە(ئیبنوئادەم) دەکەین، ئیبنوئادەم ناوی (محەمەد کوڕی ئادەم کوڕی عەبدوللا)یەو لە نیوەی دووەمی سەدەی دوازدەهەم(1164 کۆچی) لە گوندی (رۆست)ی دەڤەری باڵەکایەتی لە دایك بووە، ئیبنوئادەم زانایەکی زۆر شارەزاو فەیلەسوفی سەردەمی خۆی بووە، زانایان بە(زانای دونیا)یان ناو بردووە، لە زانستەکانی (فەلەك- ریازیات- هەندەسە- ئەوقات) زۆر شارەزا بووە، زۆر زاناو پیاوی بەناوبانگ زانستیان لێ وەرگرتووە وەك(مەولانا خالیدی نەقشبەندی، مەلا محەمەدی خەتێ، مەلا عەبدوللای جەلیزادە، حاجی قادری کۆیی،....تد)، لە هەموو زانستێکدا کتێبی داناوە کە زیاتر لە(100) کتێبی هەمەجۆری زانستە جۆراوجۆرەکانن، وەك(عیلمی نەحو، عیلمی صەرف، عیلمی فەلەك، عیلمی کەلام، عیلمی مەنتق، حساب و هەندەسە، بەلاغە،




جۆرەها پەرتووکی جۆراوجۆر) کە جێی داخە لەو سەردەمەوە تا ئێستا هیچیان چاپ نەکراون، شایانی ئاماژە پێدانە ئیبنوئادەم لە سەردەمی میری سۆراندا ژیاوەو سەردەمێکیش زانای خودی (میر محەمەدی پاشای گەورە)بووە.

کاتێك کە باس لە ڕابردووی ئەو ناوچەیە دەکرێ، ناکرێ باس لە میرنشینی سۆران و پاشای گەورە نەکرێ و ڕۆڵی ئەو میرو میرنشینە لە جولاندن و ئاراستەکردنی هەستی نەتەوەیی فەرامۆش بکرێ، هەر ئەو میرە کەلکەلەی وڵاتێکی سەربەخۆو ئازادی کەوتۆتە سەرو سنووری قەلەمڕەوەکەی گەیاندۆتە پارچەکانی دیکەی نیشتمان، هەموو ئەو ڕوداوو شەڕوشۆڕو سەروەریانە بە (وقایع) لە کتێبی (مەلیخا دا- بە پێنووسی میرزا محەمەد، بە هەڵبەست و بەزمانی فارسی نوسراوە، کە تاکە کتێبی لەبەر نووسراوی ڕووداوەکانی ئەو میرنشینە بووە، حوسێن حوزنی موکریانیش وەچنگی کەوتووەو وەك سەرچاوەیەکی باوەڕ پێکراو لە هەردوو کتێبی(کوردو میرانی سۆران و، مێژووی میرانی سۆران) پشتی پێ بەستووە تۆمار کراون و ئەو کتێبە بە سەرچاوەیەکی مێژوویی گرنگ و سامانێکی پڕ بەهای نەتەوەیی دادەنرێ، بەڵام هەر لە زووەوە وەك زۆر سەرچاوەو دەستنووسی دی فەوتاوە، لە سەردەمی ئەو میرە هەندەسەی میعماری لە دروستکردنی قەڵاو قونگرەو پردو ڕێگاو جۆگە و تۆپ و شمشێرو چەك و تەقەمەنی زۆر پەرەی سەندوەو کارخانەی بۆ دامەزراوە.

یەکێکی دی لەو کەسایەتیانەی ئەو دەڤەرە، کە بەشێکی ژیانی کەوتۆتە سەرەتای سەدەی ڕابردوو (نەزهەت)ی شاعیرە، ناوی تەواوی ئەو شاعیرە(خورشید بەگی کوڕی عەلی بەگ 1865-1929)ە و لە بنەماڵەی میرانی سۆرانە، ئەم شاعیرە هەست ناسك و بە توانایە کۆمەڵێك شیعری جوانی هۆنیوەتەوە، بەڵام زۆربەیان فەوتاون و بەشێکی کەمیان ڕووناکیان دیوە.

کەسایەتییەکی دیکەی ڕۆشنبیری مافناس و دادوەرو تێکۆشەری ئەو دەڤەرە (مەعروف جیاووك)ە، کە بە ڕەگەز خەڵکی گوندی (سرێشمە)ی نزیك خەلیفانەو لە ساڵی(1885 لە بەغدا) لەدایك بووە، لەئەستەمبوڵ کۆلێژی مافی خوێندوەو دواتر بۆتە دادوەرو ئەندامی دادگای تەمیزی عێراق و سەرۆکی دادگای ئیستئناف، لە ئەنجومەنی نوێنەرایەتی عێراقدا نوێنەرایەتی خەڵکی هەولێری کردووەو، لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستیش بۆتە پارێزگاری شاری سلێمانی.

ئەو مرۆڤە کورد پەروەرە دژی داگیرکاری ئینگلیز تێکۆشاوەو بۆ ماوەی (5) ساڵیش دیلی ئەوان بووەو وەك شێخ مەحمودی نەمر دووریان خستۆتەوە هیندستان و ساڵی(1919) بە ئازادی گەڕاوەتەوە بەغدا. ئەم کەڵەپیاوە ڕۆڵێکی گەورەی

لە وشیاری و ڕۆشنبیری گەلەکەیدا گێڕاوە، وەك مافناسێك لە ساڵی(1912) ڕۆژنامەی (الحقوق)ی دەرکردووەو، هەر لە شاری بەغداشدا لە ساڵی(1930) یانەی (سەرکەوتن)ی دروست کردووە، چەند کتێبێکی بەنرخی بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی نووسیوە وەك(**القضية الكردية- بارزان المظلومة- نوێنەرایەتیم- هەزار پەند- ئیملای کوردی**)و لەبیستەکانی سەدەی ڕابردووشدا کۆمەڵێ وتارو لێکۆڵینەوەی بەپێزی سەبارەت بە مافە کلتوری و سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیەکانی گەلی کورد لە بڵاوکراوەو

شاکر مجرم دواتر لە شاری بەغدا دەگیرسێتەوەو لەگەڵ (مستەفا شەوقی) کۆڤارێك دەردەکەن بەناوی (پەیژە)، تەنها (1)ژمارەی پەیژە لە ساڵی(1927 لە بەغدا) بڵاو دەکرێتەوە کە کۆڤارێکی ئەدەبی کۆمەڵایەتی بووەو خاوەنەکەشی مستەفا شەوقی بووە. پاشان شاکر بە یەکجاری لە رواندز نیشتەجێ بووە و خەریکی هۆنینەوەی شیعر بووە بەهەر سێ زمانی (کوردی- فارسی - تورکی) ، بەڵام لەبەر دەربەدەری و ڕاوەدوونان شیعرەکانی فەوتاون، ئەم کەسایەتیە ڕۆشنبیرو تێکۆشەرەی ئەو دەڤەرە لە 1957/9/14 لە رواندز کۆچی دوایی

لاپەڕەیەکی دیکەی پرشنگداری ئەو دەڤەرە (حوسێن حوزنی موکریانی و چاپخانەی زاری کرمانجی)یە، (حوسێن حوزنی موکریانی لە شوباتی ساڵی 1924) چاپخانەیەك لە حەلەبەوە دێنێتە ڕواندزو دایدەمەزرێنێ، لەم چاپخانەیە دەست دەکا بە چاپ کردنی نامیلکەو کتێب و کۆڤاری زاری کرمانجی لە(1926/5/25 تا 1932/7/23) بەسەریەکەوە (24) ژمارە لەو کۆڤارە دەردەکات، کە کۆڤارێکی کۆمەڵایەتی مێژوویی هونەری مانگانە بووە، کە ئەمەیان وەرچەرخانێکی گرنگ بووە لە بواری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەوانی لە


دەستەیەك لە ڕۆشنبیر و خوێندەوارانی رواندز-1954 (کۆوار)

ڕۆژنامەکانی عێراق و کوردستاندا بڵاوکردوونەتەوە، ئەم مرۆڤە مەزنە لە(1958/1/21) کۆچی دوایی کردووەو لە شاری هەولێر نێژراوە.

یەکێکی دی لەو کەسایەتیانەی ڕۆڵێکی دیاریان لە خەباتی نیشتمانی و بزاوتی ڕۆشنبیریدا هەبووە(شاکر مجرم)ە، ناوی تەواوی (شاکر عەبدولعەزیز محەمەد عەبدولئەمیر- لەدایك بووی 1894ی شاری سلێمانی)یە، باوانی بە ڕەچەڵەك خەڵکی شاری (وان)ی کوردستانی باکوورن و بەهۆی نائارامی ئەوێ پەڕیونەتەوە ئێرە، شاکر تێکۆشەرێکی نیشتمان پەروەرو دڵسۆز بووەو لە حکومەتی کوردستانی جنوبی (حکومەتی مەلیك شێخ مەحموودی حەفید) پۆستی بەڕێوەبەری (پۆستەو تەلەگراف)ی دراوەتێ، بەهۆی هەڵوێستە نەتەوەییەکانی و بەشداریکردنی لە خۆپیشاندانی (شەشی ڕەشی بەر دەرکی سەرای سلێمانی) لەلایەن ئینگلیزەوە دەستگیر دەکرێ و حوکمی لە سێدارەدانی بۆ دەردەچێ، دواتر حوکمەکەی بۆ دەکرێتە (نەفی)و بۆ خوارووی عێراق دووری دەخەنەوە.

دەکاو لە گۆڕستانی گەردەگەرد دەنێژرێ.

(سمایل بەگی رواندزی) کەسایەتییەکی دیکەی دیاری ناوچەکەیە، کە رۆڵ و پایەی لەئاستی کوردستان و عێراقدا بە هەڵوێستە نەتوەییەکانی لە مێژووی عێراق و کوردستان و دەڤەرەکە زۆر بەرزو پایەدارە، سمایل بەگ لە ساڵی(1897 لە رواندز) لە پشتی بەگزادەکانی بنەماڵەی میری سۆران(پاشای گەورە) لە دایك بووە، لە کاتی دامەزراندنی مەملەکەتی پادشایی عێراق دەکرێتە ئەندامی( مجلس النواب العراقی)و لەو مەجلسەدا پلەی (سەرۆکی نوێنەرانی کوردستان)ی پێ دەدرێ، سمایل بەگ لە مەجلسی نوابدا هەڵوێستە نەتەوەییەکانی زۆر جوامێرانەو بەرگریکارانە دەبێ لە ئاست شۆڕشی بارزان و مەسەلەکانی پەیوەست بە کورد، بۆیە لە لایەن پادشاو مەجلسی نواب دەبوغزێنرێ، لێرەش لە ناوچەکە ململانێ و کێشەی بۆ دروست دەکەن و سەرەنجام نەیارو دوژمنەکانی لە ساڵی(1933) بۆسەیەکی بۆ لە دۆڵی نیشاوەی نێوان خەلیفان و سپیلك بۆ دادەنێنەوە، دوای دەست کردنەوەو شەڕێکی نابەرابەر دەکوژرێ.

کوردستانداو دەروازەیەکی فراوان و جوانیش بووە بەناو هونەرو زانستی ڕۆژنامەوانی، هەر لە پیت هەڵکەندن و فۆتۆگراف و نیگار کێشان و نەخشەسازی تا چاپکردنی کتێب و کۆڤاروچیرۆك، هەروەك چۆن ژمارە(5–6)ی کۆڤاری (روناکی) لەو چاپخانەیە چاپکراوە، کە کۆڤارێکی ویژەی کوردی بووەو (شیت مستەفا)خاوەنی بووەو باقی ژمارەکانی دیکەی لە هەولێر و موسڵ چاپ کراون، لە ساڵی(1947) ئەو چاپخانەیە دەگوازنەوە شاری هەولێرو لەوێ (عەبدولرەحمان- گیوی موکریانی) برای حوسێن حوزنی سەرپەرشتی دەکات.

هەر لە ساڵی (1923– سەید تەها ئەفەندی) ئامێری هەڵهێنانی جووجەڵە و دەرهێنانی هەنگوین و کەرەستەی ئاوریشم دێنێتە ڕواندزو بەرەبەرە پیشەسازی ئەبووژێتەوە، ئەمە وێرای ئەوەی کە قوتابخانەیەکیش لەو شارە دەکاتەوە. دوای کردنەوەی قوتابخانەش بۆ یەکەم جار کچێك بە ناوی (ناجیە عەبدولڕەحمان فەندی)دەچێتە بەر خوێندن ودەبێتە هاوپۆلی کوڕان.

لە ساڵی (1931)داو بۆ یەکەم جار شانۆگەرییەك لە رواندز بەناوی (دیکتاتۆر نیرۆن) پێشکەش دەکرێ،

لەوساوە بزاوتی شانۆکاری ووردە ووردە پەرەی سەندوەو لەرواندزو دواتر دیاناو گوندە ئازادکراوەکانی ڕۆست و باڵەکایەتی و دۆڵی ئاکۆیان چەندین شانۆگەری نمایش کراون بەتایبەت لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، کە دەربڕی خواست و ئیرادەی گەلی ئازادی خوازی کورد بووەو، هەر بۆ زیندووکردنەوەی داستانی کاوەو جەژنی نەورۆزی نەتەوەییش زۆرجار لێرەو لەوێ شانۆگەری تایبەت بەو یادانە نمایش کراون.

لەوە بەدوا ووردە ووردە کەرەستە و ئامرازەکانی پێشکەوتووی ئەو سەردەم دەهێنرێنە شاری رواندز، لەوانە لە ساڵی(1943 سەید عەزین) ڕادیۆی هێناوەو، هەر لە(1943) پەرتوکخانە لە لایەن (سەبری نەجیب و عەلی مەکتەبە) داندراوە، لەساڵی (1946) نەخۆشخانە دروست کراوە. لە ساڵی (1951) پرۆژەی ئاو هێنراوەو لە (1952)شدا خەڵکەکە بە پارەی خۆی و بە هیممەتی (شەفیع ئەفەندی) قوتابخانەی دواناوەندییان کردۆتەوەو لە(1953)دا بینایە بۆ یانەی فەرمانبەران دروست کراوە، لە هەمان ساڵدا پرۆژەی بەستنی تۆڕی کارەبا دەستی پێکردووەو لە (1954)دا تەزووی کارەبا شاری روناك کردۆتەوەو جادەی سەرەکیش هەر لەو ساڵە قیر کراوە، کە ئەمانە هەمووی هۆکاری وشیاری و ئاشنابوونی خەڵك بە کەرەستەو دەزگا خزمەت گوزاریەکانن. ئەم لاپەڕە مێژووییانەم بۆیە هەڵدانەوە، تا بزانین هەموو ئەو پرۆژەو بەخششانە چەندە کاریگەرییان بەسەر ژیانی ئاسایی خەڵکەوە بووە، زێتر لە بزاڤی ڕۆشنبیری و لە دیدو هزری بەهرەدارانەوە ڕەنگی داوەتەوە، بۆیەش زیاتر نموونەم بە رواندز هێناونەتەوە، چونکە رواندز ناوەندی ئیداری و مەڵبەندی خوێندن و رۆشنبیری و بازرگانی و پێگەیاندنی بەهرەدارانی دەڤەرەکە بووە.



سەید تەهای شەمزینی (کۆوار)

یەکێکی دیکە لە کەسایەتیە ڕۆشنبیری و سیاسیەکانی ئەو ناوچەیە، کە ڕۆڵێکی پێشەنگی هەبووە لە مێژووی سیاسی و ڕۆشنبیری (عەقید ئەمین رواندزی)یە، کە ئەندامێکی چالاکی (کۆمەڵی پشتیوان) بووە، ئەم کۆمەڵە کۆمەڵێکی سیاسی بووەو لەگەڵ دروست بوونی (حزبی هیوا) بۆتە ئەندامێکی چالاکی ئەو حزبەو لە شۆرشی (1941 ی ڕەشید عالی گەیلانی) ئامیر حامیەی سەربازی هەولێر بووەو لە ساڵی(1946) بۆتە سەرۆکی شارەوانی رواندزو لە ساڵی(1948)دا یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لە هەولێر بەناوی (هتاو) بە زمانی کوردی، ئەویش تەنها (1)ژمارەی لە(1948/9/11) لێ دەرکردووەو خۆی خاوەن ئیمتیازی بووەو (پارێزەر ناجی) بەڕێوەبەری بووە، ئەمین رواندزی لە (1955/11/6) لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە .

بڵاوکراوەیەکی دەست نووسی حزبی هیوا بە ناوی( کوردستان) لە ساڵی(1939–1940)لە لایەن کۆمەڵێك ڕۆشنبیر لە رواندز دەرکراوە، بەڵام ساغ نەبۆتەوە داخۆ چەند ژمارەی لێ دەرکەوتبن، هەرچەندە بە(5) ژمارەش مەزەندە کراون.

لە ساڵی(1959) گۆڤارێك بە ناوی (ئاگر) ، لە لایەن کۆمەڵێك قوتابی کە لە ریزی یەکێتی قوتابیانی کوردستاندا بوونە دەرچووە. لە( تەمووزی 1972) ژمارە(1)ی کۆڤاری (بەرەو روناکی) کە کۆڤارێکی وێژەیی و رۆشنبیری گشتی بووە، لیژنەی زمان و وێژەی کوردی لە قوتابخانەی گەلاڵە بڵاویکردۆتەوە و لە چاپخانەی کوردستان لە هەولێر(3) ژمارەی لێ دەرچووەو دەستەی بەڕێوەبەری کۆڤار بریتی بوون لە (ئیبراهیم سەعید بەرزنجی، نەژاد عەزیز سورمێ، سەردار کەمال مەولود، ئازاد عەبدولوەهاب جندیانی، غەفور حوسێن گەلاڵی، فەوزی جەودەت جەمیل).

وێستگەیەکی دیکەی ڕۆشنی نێو ئەو بزاوتەو بۆ پەرەپێدان و پێشڕەوی کردن لە بەخششی زیاتری هونەری و ڕۆشنبیری، کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد بەشی رواندز لە (1977/8/20) دامەزرا، ئەم کۆمەڵەیە کە هەوێنی دروست بوونی تیپی مۆسیقای پاشای گەورە(ئەگەرچی ئەم تیپە بەر لە کۆمەڵە لە 1977/7/1 دا دامەزرا، بەڵام دواتر بوو بە بەشێکی چالاکی ئەو کۆمەڵەیە، بەر لەم تیپەش هەوڵی دیکەی هونەری و مۆسیقی لە شێوەی تیپێکدا خۆیان ڕێکخستبوو، ئەویش لە 19 ی حوزەیرانی 1971، کە بەسەرەتای دامەزراندنی تیپی مۆسیقی دادەنرێ لە ناوچەکە)و تیپی شانۆیی و خۆشنووسی و نیگارکێشان و شێوەکاری بووەو دەیان قوتابی زرنگ و چالاکی پێگەیاندوەو بەناو شاران و وڵاتان و کەناڵە جۆراوجۆرەکانی ڕاگەیاندندا بڵاوەیان لێکردووەو هەریەکە لەجێی خۆی تیپ و گروپ و دەزگاو دامەزراوەی پێکهێناون و فەزڵی هەموو ئەو بەخششە زۆرانەی ئەو کۆمەڵەیەش بەر لە هەر کەسێ بۆ مامۆستا (زرار محەمەد مستەفا) دەگەڕێتەوە، کە بناغەڕێژی ڕێچکەو قوتابخانەی هونەری ئەو ناوچەیە بووە. ئەگەرچی بۆ ماوەیەك بواری ڕۆژنامەوانی سستی تێکەوتووە، بەڵام چالاکی هونەری هەر بەردەوامی هەبووە، بۆ پڕ کردنەوەی ئەو کەلێنەی بواری ڕۆژنامەگەری و فەرهەنگیش، دەستەیەك لاوی خاوەن هزری ئازاد لەسەردەمی ڕژێمی بەعس، ئەو دەمەی رژێم لە ترۆپکی هێزو توانای دابوو، هەر لە رواندزدا هەڵسان بە دەرکردنی کۆڤارێکی ڕۆشنبیری گشتی سەربەخۆی مانگانە بە ناوی (قەلا)، ژمارە(1)ی قەلا لە (شوباتی 1991) بە نهێنی و ژمارەکانی دیکەی لە سەردەمی ڕاپەڕین تا (ئابی 1992)بە ئاشکرا بڵاوکرانەوە، هەمووی بەسەر یەکەوە (10) ژمارەی لێ دەرچوو، کە بۆ ئەو کات ئەزموونێکی باش و کەم وێنە بوو، بەڵام نەداری پەکی ئەویشی خست و بە مەرەدی ئەوانی دی چوو.

کۆڤارێکی منالانەش لە ساڵی(1980) بە نهێنی لە لایەن (هەڵگورد عەبدولوەهاب جندیانی) لە رواندز دەرکراوەو تەنها(3) ژمارەی لێ دەرچووە، هەر ئەم (هەڵگۆرد)ە کۆڤارێکی دیکەی منالانی لە سەردەمی ڕاپەڕیندا دەرکردوە بەناوی (پەڕەسێلکە).

هەروەها قوتابیانی رواندز لەشاری هەولێر بڵاوکراوەیەکیان بە ناوی (کۆڕەك) بڵاوکردۆتەوە.

کۆڤارێکی دیکە بە ناوی (رواندز) کە کۆڤارێکی رۆشنبیری گشتی سەربەخۆ بوو لە(1998/4/20)بە بەرگێکی ڕەنگاوڕەنگ دەرچوو، تەنها (4) ژمارەی لێ دەرچووەو وەستاوە. ناوەندی رۆشنبیری سۆرانیش دوو بڵاوکراوەی چاپ و بڵاوکردوونەتەوە، یەکێکیان رۆژنامەی (چاند) لەساڵی(1998) کە تەنها (3) ژمارەو، ئەوی دیکەش (ڕێنووس) بە پیتی لاتینی لە ساڵی(2000) ئەمیشیان (1)ژمارەی لێ چاپکراوە.

هەر لەو دەڤەرەو لە(1ی کانوونی دووەمی 1999)کۆڤارێکی دیکەی مانگانەی سیاسی رۆشنبیری گشتی بە ناوی(زۆزك) لەلایەن مەکتەبی رۆشنبیری و راگەیاندنی( لقی 10ی پ.د.ك)دەرکراوەو، ئەویش تەنها(2)ژمارەی لێدەرچووەو وەستاوە.

لە تەمموزی ساڵی(2000)یشدا کۆڤارێکی تازە بە شێوازو نەخشەو بەرگی جوان و، دەوڵەمەند لە ناوەڕۆکی پڕ بابەتی هەمەچەشنە، بە ناوی کۆڤاری (نوێ) دەرچوو، ئەم کۆڤارە ئەگەرچی چاوەڕێ دەکرا ببێ بە پڕۆژەیەکی گەورەی بواری ڕۆژنامەوانی لە ناوچەکە، بەڵام دوای دەرچوونی ژمارە(1)ی لێی کەوتنە تەقە و دایانخست.

لە ساڵی (2002) کۆڤاری (خەلیفان) کە کۆڤارێکی ڕۆشنبیری گشتی بوو، ناوەندی ڕۆشنبیری خەلیفان دەریدەکرد، ئەمیشیان تەنها (2) ژمارەی لێ دەرچووە.

لە ساڵی (2004)یش کۆڤارێکی منالان بە ناوی (زریمۆك) کە کۆڤارەکا وەرزیا ژ بۆ زارۆکان بوو ، سەنتەری ڕۆشنبیری بلێ دەریدەکردو تا ئێستاش هەر بەردەوامە لە دەرچوون.

هەروەها بڵاوکراوەی (پەرجان) هەر لە لایەن سەنتەری رۆشنبیریی بلێ دەردەچێ.

ئەمەو چەندین بڵاوکراوەی دیکە بڵاوکراونەتەوە وەك( نەورۆز، سۆران، چرا، خەرەند، مینبەر، شار، رواندزی نوێ، سۆما، تیرۆژ، خەباتی قوتابیان...).

ماوەتەوە بڵێین دوای ئەو هەمووە هەوڵە پچڕپچڕو ناکامانە، ئێستا دەزگایەکی ڕۆشنبیری هونەری تۆکمەو کارا لە سۆران دامەزراوە، ئەویش (دەزگای زاری کرمانجی)یە، کە جێی ئومێدی رۆشنبیران و بەهرەدارانی دەڤەرەکەیەو بەخششێکی دیکەی پڕ بەهاشە بۆ ئێستاو ئایندەی ناوچەکە، کە وێڕای چالاکییە جۆراو جۆرەکان، هەفتەنامەیەك بەناوی (زاری کرمانجی)و پەخشێکی رۆژانەی رادیۆیی هەر بە هەمان ناو و، کۆڤارێکی مانگانە بەناوی(کۆوار)و کتێبخانە و سەنتەری ئینتەرنێت و گروپێکی مۆسیقای خستۆتە خزمەت بزاوتی رۆشنبیری و پێگەیاندنی نەوەی نوێ.

سەرچاوە :
– مێژووی میرانی سۆران (داماو حسین حزنی موکریانی)
*کاروانی رۆژنامەگەری کوردی(وریا جاف)
*کۆڤاری قەلا، ژ/4–5–8
*رواندز قەڵای خەبات و کوردایەتی(چالاك میران).
*کۆڤاری رواندز، ژ/ 1،2.
*هەفتەنامەی زاری کرمانجی، ژ/21.
*کۆڤاری کۆوار، ژ/1.
*کۆڤاری زۆزك، ژ/1،2.
*بنەماڵانی بەناوبانگی رواندز (مەمدوح مزوری).

# شێرزاد حەسەن:

# رواندز و خەرەند و دەوروبەری سەرەتای تەقینەوەی خەیاڵی منن.



خوێندنـــەوەی (تـەمی سـەر خەرەند) بۆ من چێژێکی تایبەتی هـەبوو، کـە جیـابوو لــە هـەموو ئەوانی دیکەی شێرزاد حەسەن، لە گـەڕەکی داهۆڵـەکان و کەڵـە کوڕ و ئاسکە کچان و حەسارو سەگەکانی باوکم، لەوێ سروشت و کەسایەتی دیمەنـــەکان بەتـــەنها وێنەیـــەکی وەهمـــی نێــو رۆمانەکــە نــەبوون، بـەڵکو هـەموو ئـەو کەنـد و نشێو و توولـە رێیانـەی فـەرهادی پاڵـەوانی رۆمانەکە سەری وێدەکرد بـەرۆحی من ئاشنا بوون، هەربۆیە نێوەڕۆکی باســەکە هــەر بەتــەنها پــەی بـردن نەبوو بەو هیشکە گریانەی ژیان و سروشتی جوانیان لێکردووین بە دۆزەخ، بەڵکو وەك سلایدێك ئەو دیمەنانەی نیشان دەدامەوە، کە جێگەی ئاسودەیی و ئاودانەوەی دڵێکی تینون، لەکاتی خوێندنەوەی رۆمانەکەدا گەلێك جار خەیاڵ دەیبردمەوە ئەو شوێنەی، کە رۆمان نووس بە سەرپێیی نیشانی دابوو، هەستم دەکرد لە پەنا ئەو گێڕانەوەیە زۆر نهێنی و لاپەڕەی شاراوە لە ژیانی نووسەردا هەبێت، هـەر ئـەو لایەنـەش هـەوێنی ئـەو پرسـیارانە بـوون، کـە(کـۆوار) لـە(شـێرزاد حەسـەن)ی کـرد و ئـەو هەڤپەیڤینـەی لێکەوتەوە.

**هەڤپەیڤین: بۆتان تەحسین**

**کۆوار: با لە قۆناغی منداڵی و ئەو کاتانە دەسپێبکەین، کە لە رواندز بووی، تا چەند دەتوانین بڵێین رۆمانی (تەمی سەر خەرەنـد) گوزارشـتێکی دەقـاودەقی منـداڵی (شـێرزاد حەسـەن)ە؟ هـەروەها دەڵـێن دوای گەڕانـەوەت لـە فینلەنـدا سـەردانی روانـدزت کـرد، لـەوێ لـە لێـواری خەرەنـد زۆر گریاوی و هەنسکێکی زۆرت هەڵکێشاوە، ئایا ئەو گریانەت ئـەو نائومێدییە بـوو، کـە فـەرهاد لـە (تـەمی سـەر خەرەنـد) دوای گەڕانەوە دەری دەبڕی؟**

شێرزاد حەسەن: سەبارەت بە خەمی نوسینی من و شێوازی کـارکردنم دەگەڕێتـەوە بـۆ منـاڵیم لـە هـەولێر و روانـدز و لـە تەمەنێکی کامڵتریشم لە سلێمانی. بەڵام من کارەکتەرێك یان پاڵەوانێك لە شێوەی مناڵ، یان گـەنج، یـان عاشقێکی دۆڕاو و بێوەژن چێ دەکـەم. بڕوادەکـەم ئـەو بێوەژنـە لـە سـۆران و قـەلادزێ و بگـرە قامیـشلی و بۆکـانیش هـەبێت. مـن پاڵەوانێکم نییە تایبەت بێت بە شوێنێك، بۆیـەش زۆر جار دەتوانم بڵێم، ئەو بێوەژنـە زۆر رۆژهەلاتیە لەوەی کە کورد بێت، بەڵام بیریشمان نەچێت کە بۆنی خۆمانی لێدێ، رەنگە سەبارەت بە (تەمی سەرخەرەند)، کە دەزگای ئاراس چاپی کـرد، نزیکـەی 25 سـاڵ ئـەو چیرۆکە، یـان ئـەو داسـتانە لـە بیرەوەریمدا بـوو، دەشـگەڕێتەوە بـۆ منـاڵی مـن لـە روانـدز و چۆنیەتی ژیـانم لـەو قوتابخانـە تێکـەڵاوەی کـە تیایـدا لەگـەڵ کچان دەمخوێند، واتە کاتێك لە ساڵی 1958 لـە قوتابخانـەی پاشـای گـەورە دەمخوێنـد، بـووە هـۆی بیرکردنـەوە لێـی، واتـە (تـەمی سـەرخەرەند) شـتێك نـەبوو بـە شـەو و رۆژێـك بنوسم، هەرچەندە ئەو چیرۆکەم لە کاتی لێدانی (ئەمریکا لـە عێراق) نووسی، بۆ ماوەی (5) مانگ، بەڵام دەتـوانم بڵێم بۆ ماوەی (25 )سـاڵ حـەزم لـە نووسـینی بـوو، رەنگـە بـڕوات نـەبێت، سەرەتا بیرۆکەی یەك لاپەڕە بوو، دوایی بـوو بـە دوو لاپـەڕە و دواتـریش بـۆ(10) لاپـەڕە و (20 )، سـاڵ بـە سـاڵ ئەگـەڕام و زیادی دەکـرد، جاری وابـوو دوو سـاڵ تێپـەڕ دەبـوو مـن خـۆم دەشاردەوە لێی، چونکە هەستم دەکرد ئەو شتە نییە، کە مـن حەزم دەکرد بینوسم، جا (تـەمی سـەرخەرەند) وەکو کـەش و هەوا رەنگە بڕواو وابێ، کە ئەو خەرەندەی رواندزێ یە، بەڵام هـەم خەرەنـد و هـەم تەمەکـەش هێمان و رەمزین، بـەڵام بیرت نەچێت، لـەو چیرۆکە هـەموو شـتێك رەهەنـدێکی گوزارشـتی رەمـزی هەیـە، خەرەنـد ئـەو شـوێنە ترسـناك و قوڵەیـە، کـە یادگـاری هـەمووومان لەوێوەیـە، وەك بـیر و راز و هیـوا و ئـەو شتانەی، کە مرۆڤ لە منـاڵی یـەوە بیری لێدەکاتـەوە. بۆیـە من بڕوایـەکی تـەواوم هەیـە، کـە یـەکێك ئـەو دەقـە بـە وردی بخوێنێتەوە، دەزانێت کە (تەم) گوزارشتە بۆ ونبوونی ئێمە لە قۆناغی زۆر ساوادا، (تۆ) تێبینی بکە، قۆناغی کورد هـەمووی بزربوونە لـە یـەکتری، هـەمووی هەڵکەندنـە لـە شوێنی خۆی،

**خەرەند یەکێك لەو شوێنانە بوو، کە لە فینلەنداوە خەونم پێوەدەبینی بگەڕێمەوە لای.**

**من بونەوەرێکم لە هێلانەی خۆم دەرمکەن دەمرم، رواندز بۆ من هەمیشە ئەو هێلانەیە بوو.**

**ئەو شتە جوانانەی من بە دونیا دەبەستێتەوە و ئەو حەسرەتانەی لە منالێم چاندرا و ئەو سروشتە سەیرەی کە ئاوێتەی بووم، هەمووی لە رواندز سەرچاوەی گرت.**

دەکرێت من بڵێم (تەمی سەر خەرەند) چیرۆکی هەڵکەندنی منالێکە لە زێدگای خۆی بەرەو تاراوگە و... رواندز و دەوروبەری و گەلی عەلی بەگ و ئەوانی تریش سەرەتای تەقینەوەی خەیاڵی منن، بەر لەوەی من بزانم نوسین چییە، بڕوای من وایە ئەگەر من لەو دەوروبەرەدا، لە نێو شاخ و داخ و روبار و ئەشکەوتانە نەبوومایە، خەیاڵم هێندە پڕ نەدەبوو.. واتە خەیاڵی من دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی ئەوێ، شاخ و بەرد و خەرەند، ئەگەر وردتریش سەیری (تەمی سەرخەرەند) بکەیت، پاڵەوانەکەی دەبینی، کە ناوی (فەرهاد)ە شوانە، لە راستیدا من (10) رۆژ لە ژیانمدا

ماмۆستا و دەوروبەر رێگردەبن لەو هۆگریە.. من دەمەوێت لەو چیرۆکە شتێك بگێڕمەوە و بڵێم، کۆمەڵگای ئێمە داگیرکراوە بە کولتوری عەرەبی و ئیسلامی، سەرتاپا کولتورێکی رۆژهەلاتیە، بە عەیبە و شەرمە و گوناه بۆیە کراوە. وای لێهاتووە خۆشەویستی و هۆگربوون لە منالێش حەرام بێت. دەمدیت لەو چیرۆکە ئەو دوو دەزگا گرنگە باسی لێوەبکەم، کە نایەڵێت مرۆڤ گەورەبێت، ئەوانیش خێزان و پەروەردەن، کە نایەڵن مرۆڤ خەیاڵەکانی گەورە بکا، نایەڵێت مرۆڤ لە نێو خۆشەویستیدابژیێت، ئەو چیرۆکە پەیوەندی بەو کۆمەڵگە دڵرەقەوە هەیە، کە بەردەوام لە قۆناغی چاودێری



(شوان) بووم، بەلاّم زۆر کەڵکم لەو(10) رۆژە وەرگرتوە. هەرچەندە لە منالێم کاری ترم زۆر کردووە. بە بڕوای من (تەمی سەر خەرەند) شتێك بوو دەگەڕێتەوە بۆ ئەو مێژووەی کە لە منالێم تیایدا ژیام، بەلاّم لێت ناشارمەوە، کە (تەمی سەر خەرەند) وەك بیرۆکە، سەرەتا بۆ قۆناغی یەکەمی سەرەتایی خوێندن دەگەڕێتەوە. بیرم دێ ئەو کات بەیانیان زوو کچێك دەهات بە دەوری سۆپا سەمای دەکرد، من ئەو کات دڵم بە سەمای ئەو کچە خۆش بوو، نەشمدەزانی بۆ؟. دوای (5) ساڵ، کە لە رواندز هەڵکەندراین بۆ هەولێر، من سواری لۆرییەك کرام بە کەل و پەلی ماڵەکەمان، خواحافیزیم لە هەموو هاوڕێکانم کرد، تاکەکەسێك کە دەمویست بیدۆزمەوە ئەو کچە بوو، بیرم نەماوە ناوی چییە، بەلاّم لە چیرۆکەکەی من ناوی (شیرین)ە. ئەگەر سەیریش بکەیت، فیلێکی زۆر سەیر بە خەیاڵمدا هاتووە، ئەویش گێڕانەوەی چیرۆکی (شیرین و فەرهاد)ە. بەلاّم (شیرین و فەرهاد)ەکەی من منالن، ئەگەر سەیری هەموو چیرۆکەکانی دونیا بکەین دەبینین لە (گەورەیی و باڵقبوون و منالی) لە یەکتری جیادەبنەوە، بەلاّم ئەو (شیرین و فەرهاد)ەی من وەك دوو منالەکەی (تەمی سەر خەرەند)، نەك عاشق دەبن، بەڵکو هۆگری یەکتری دەبن، کەچی باوك و

دادەژیت. لێرەشەوە دەرفەت بۆ بڕوایەکم وەردەگرم کە کۆمەڵگای کوردی، کەمترین هەناسەی ئازادی تێدا حەرامە، ئەوەش تەنانەت لە ژیانی سیاسی و کۆمەلاّیەتی و تاکەکەسی رەنگی داوەتەوە.

بەشی دووەمی پرسیارەکەت، کە من لە (فینلەندا) بووم، بەڵێ نزیکەی 10 مانگ من لەوێ بووم و بەردەوام رۆژێ دوو سێ جار دەگریام بۆ ئەو بیرەوەریانەی تۆمارم کردبوون. یەکێك لەو شوێنانەی خەونم پێوەدەبینی بگەڕێمەوە لای بەر لەوەی بمرم، خەرەندەکە بوو. من ئێستاشی لەگەڵ بێت نازانم بۆ هێندە دەترسام نەگەڕێمەوە؟، زۆر دەترسام لە فینلەندا بمرم و ئیتر کەس نەبینمەوە، تەنانەت لە ترسان پەساپۆرتەکەشم وەرنەگرت و گەڕامەوە. بە هەرحاڵ دوای دوو هەفتە لە گەڕانەوەم بۆ سلێمانی، چوومە سەر خەرەند و بە تەنیاش بووم. من بە کەژاڵی خێزانم وت دەبێت بە تەنیا بچمە سەر خەرەند و راستیەکەش بە تەنیا بووم و بۆ ماوەی سێ کاتژمێر لەسەر خەرەند دەگریام. من بونەوەرێکم لە هێلانەی خۆم دەرمکەن دەمرم، رواندز بۆ من هەمیشە ئەو هێلانەیە بوو. ئەوێ یادگارییەکی قوڵ و درێژی لە بیرەوەریمدا هەیە، لە هەولێر و سلێمانی پترە، بەردەوام هەست دەکەم ئەو شتە جوانانەی من بە دونیا دەبەستێتەوە و ئەو حەسرەتانەی لە

**هەموو سەرچاوەی زانیاری و مەعریفەتی ئێمە لە منالی نەنکمان بووە و بۆ خۆشم قەرزاری ئەو پیرەژنانەم.**

منالیم چاندرا و ئەو سروشتە سەیرەی، کە ئاوێتەی بووم هەمووی لە رواندز سەرچاوەی گرت. لە لایەکی دیکەشەوە ئێمە وەکو باقی خێزانەکانی تری ئەو کات، لە خێزانێکی هەژار بووین، بەڵام هەمیشە بیرم لە سیحر و جوانی ئەو سروشتە دەکردەوە، زمانێکم نەبوو گوزارشتی پێوە بکەم، بۆیە پێویستیم بە (30) ساڵ بوو تا ئەو زمانە دروست بکەم، بە هەرحاڵ لە (تەمی سەر خەرەند) دوای گەرانەوەم رەهەندێکی رەمزی دەدۆزرێتەوە، ئەویش باسکردنی کورد و کوردستانە بەڕوخاوی دوای ئەو هەموو کوشتارانە، بەڵام ئەوە بە تەنیا رواندز نیە، هەروەك سیمبوڵ باسم کردووە، بەڵکو رانیە و قەڵادزێ و هەولێر و سلێمانی و دهۆك و گوندەکانی ترە. بیرت نەچێت خەرەند بۆ من تەنها خەرەند نییە، کە خەڵکی لە رواندز هەستی پێدەکات، پێدەچێ خەرەند رەهەندێکی گوزارشتی بێت و لە هەموو شوێنەکان وجودی هەبێت و ئەو شارۆچکەیە لە هەموو شوێنێکی کوردستان بێت، تەنانەت ئەو (شیرین و فەرهاد)ەش لە هەموو شوێنێك هەبێت و ئەو جیابوونەوە و هەڵکەنداندنەش لە هەموو ماڵەکان روویدا بێت. بیرت نەچێت ئەو حیکایەتەی باسی دەکەم، حیکایەتی داپیرەکان، ئەوەش کە بە (فەرهاد) دەیبینین، کە هەوڵدەدات گەورەبێت و عاشق بێت و بگات بە یارەکەی خۆی، خەیاڵێکە هەموومان هەمانە، دەتوانم بڵێم هەموو سەرچاوەی زانیاری و مەعریفەتی ئێمە لە منالی نەنکمان بووە و بۆ خۆشم قەرزاری ئەو پیرەژنانەم، بە تایبەتی نەنکم، کە لەو سەردەمە رادیۆش نەبوو، کەچی بەدەم حیکایەتەکانی نەنکمان خەومان لێدەکەوت. بەڕای من یەکەم مەعریفەتی من بەرامبەر دونیا و پرسیار و بیرکردنەوە، ئەو حیکایەت و داستان و چیرۆکانە بوون، بۆیە ئەگەر سەیری هەیکەلی بنیادی (تەمی سەر خەرەند) بکەیت، دەبینیت بەشێوەیەکی زۆر حیکایەتی دامەزراوە. واتە مردنی ئەسپەکان، کە ریوایەت خوان لە گەرانەوە بۆ کوردستان دەیبینێت، هێمایەکی گوزارشتی هەیە. خۆت ئەزانی ئەسپ هەمیشە هێمایە بۆ هێز و توانا. بە تایبەتیش بۆ کورد کە بەردەوام سوارچاکی و هێز و دەسەڵات دەگرێتە خۆ، مردنی ماسیەکانیش لە ئاو بەهەمان شێوە گوزارشتی بەرائەتانەی خۆی هەیە، هەموو ئەو شتانە خاوەن رەهەندێکی گوزارشتی هێماین، بۆ ئەوەی بڵێم ئێمە خاوەن وێرانین.. ناخۆشترین شت لەو (فەرهاد)ەی وەك پاڵەوان دێتەوە، ئەو ئومێدەیەتی کە لە پاش گەرانەوەی بە دوای وێڵە بۆ دۆزینەوەی، بەڵام هەر لەو رۆژەی کە لە نێو تەمەکە دەروات، ونیان دەکا و ئیتر هەرگیز نایدۆزێتەوە.. من دەمەوێت بڵێم ئەو منالە لە تەمەنی (هەشت نۆ دە) ساڵی لە نێو تەمەکە ون بوو، ئیتر هەموو ئەو شتە جوانانەی لەو رۆژگارە ونکرد، بە بڕوای من کورد لەو (50) ساڵە زۆر شتی ون کرد، ئەمەش لە ئاستی سیاسی و کولتوری و کۆمەڵایەتی، بگرە لە ئاستی جوانی سروشت و چەندان شتی جوان، بۆیەش من باس لە ون بونێك دەکەم، تەمەنێك کە تاریکایی لەو 50ساڵە ژیانی ئێمەی داگیرکرد، بەراستی ئەگەر یەکێك (تەمی سەر خەرەند) بخوێنێتەوە، دەڵێت حیکایەتی (دوو منالە)، بەڵام بۆ من چیرۆکێکی قورسترە، خۆشت دەزانی کە ئێستا خەریکە دەیکەن بە فیلمێکی سینەمایی، کە ئێستا لە قۆناغی ئامادەکاری دایەن و هیوادارم کە سەرکەوێت.

**گۆڤار: گریانەکەت لەسەر خەرەند گریانی باوەش پیاکردنەوە و شادبوونەوە بوو بە خەرەند؟ یان گریان بوو بۆ شتێکی لەدەستچوو؟**

شێرزاد حەسەن: من کاتێك چوومەوە سەر خەرەند، وام هەستکرد کە منالْ بوومەتەوە، گریانەکەم تێکەڵێك بوو،



شێرزاد حەسەن لە رادیۆی نەوا

خەرەند بۆ من، شوێنی یاریم بوو، شوێنی خەون بینین بە گەورەبوون و بوونە شوان و گاوان وەك (فەرهاد). بۆیە هێندێك جار، هێندێك گریان هەیە کە تۆ لە غەریبی ئەگەڕێیتەوە، یەك سەرچاوەی نییە، ئەگەر پێناسە بۆ ئەو گریانە بکەم، غەدری لێدەکەم، چونکە هەست ئەکەم گریانێکە بە درێژایی ژیانی خۆم هەمە، حەز ئەکەم بزانی شێتانەش ئەگریم، ئەمرۆ بەر لەوەی بگەم بە تۆ زۆر گریاوم، من بەردەوام لە ژیان ئەو چەشنە گریانەم هەیە ، لەوەتەی گەڕاومەتەوە بەردەوام دەگریم و تووشی حوزنێکی زۆر بوم، نازانم بۆ؟ من هەست ئەکەم خەمێکی گەورەم هەیە، ئەویش تووشی بەراورد کاری بووم، ئەوێ (فینلەندا) سەهۆڵ بەندانێکە، کەچی وڵاتێکی جوانی لێدروست کراوە، کەچی کوردستان بەو هەموو جوانی سروشتییەی کە هەیەتی، وێرانی دەکەن. کورد میللەتێکە سروشتی وەك خۆی جێ هێشتووە و هێزی ئەوی نییە جوانکاری تێدابکات. من لەوە بێتاقەتم، چونکە هەست ئەکەم کوردستان نە بە مرۆڤەکانی ئەو بەهەشتەی لێدروست کرا، نە سروشت ئەو رێزەی هەیە.بۆیە تا ئێستا لەو گریانە ژیر نەبوومەتەوە.

**گۆڤار: بۆچی لە نێو ئەو هەموو چیرۆك و رۆمانانەی تۆ، تەنها تەمی سەرخەرەند بۆ بەرهەمێکی سینەمایی هەڵبژێردرا؟**

شێرزاد حەسەن:هیچ پەیوەندی بە داواکردنی منەوە نەبووە، (سەربەست رەسول) کوڕێکە دەرچووی سینەمایە لە رووسیا و فیلمێکی هەیە بەناوی (ئەمرۆ سبەی)، من دوور بە دووری ئەمناسی، دوای ساڵێك هاتەوە وتی: من (تەمی سەر خەرەند)م لە سوید خوێندەوە و تەماعێکی گەورەم هەیە بیکەم بە فیلم. پاش ئەوەی کە گفتوگۆیەکی زۆرمان کرد، هەستم کرد توانایەکی سینەمایی زۆری هەیە، لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە سینەما لای (کاك سەربەست) عەشق و خۆشەویستیەکی گەورەی هەیە، لەوەتەی ئەو دەقەی منی لایە، کە نزیکەی ساڵ و چەند مانگێکە، تا ئێستا لە قۆناغی (سیناریۆ)دایە و بە نیازیشە بۆ دوو ساڵ کاری مەیدانی بکات لە رواندز و تادگاتە مۆنتاژ. بە هەرحاڵ ئێمە گرێبەندەکەمان دوو ساڵە لەگەڵ وەزارەتی رۆشنبیری (ئیدارەی سلێمانی) هەیە. دیارە لەرووی هونەرییەوە لە هەولێر پارمەتیمان دەدرێ، بودجەیەکی تایبەتیشی بۆ تەرخان کراوە، هەرچەندە فیلمی وا ستاف و پارەی زۆری دەوێ، بەڵام ئەوەندە ئەڵێم کە هەروەك چۆن ئەو دەقە تەمەنی لای من چەند ساڵێك بوو بە (5) مانگ نووسیم، لای (سەربەست)یش خەونێکی گەورەی هەیە بۆ ئەوەی بیکاتە شتێکی گەورە، ئاخر ئەو دەقە بۆ ماوەی (دوو مانگ) بە تیراژی (2000) دانە لە بازاڕ نەما، ئێستا چاپی دووەمیشی لە بازاڕ نەماوە. واتە نزیکەی (5000) هەزار دانەی لێفرۆشراوە، بەڵام بیرمان نەچێت هەموو فیلمێکی سینەمایی، تەنانەت لە

**لەوەتەی گەڕاومەتەوە بەردەوام دەگریم و تووشی حوزنێکی زۆر بوم**

**دایك و باوکم بەرۆژ شەڕیان دەکرد، شەوانەش دەچوونەوە ژێر یەك پێخەف، ئەمەش وای لێکردم لەگەورەبوون لە سەر پەیوەندی نێوان ( نێرو مێ)بنووسم.**

**هەندێ جار هێندە بەدبەخت بووم، دایکم دەپاڕایەوە بۆ ئەوەی جلی جەژنم بۆ بکەن، کەچی باوکم دەیوت نیمانە.**

ئەوروپاش کە پیشەسازی سینەمایە، پارەیەکی گەورەی بۆ تەرخاندەکرێ، قابیلی ئەوەیە کە شکست بێنێ یان سەرکەوێ، ئەوەش کە ئێمە دەیکەین، هەمووی موغامەرەیە، بۆیەش داوام لە خەڵکی سۆران و ئێوەمانان هەیە یارمەتیمان بدەن بۆ ئەوەی سەرکەوێ.

**کۆوار : لە یەکێك لە کۆوارەکانی منالأندا ئاماژەت بۆ ئەوە**



**کردووە کە زۆرجار لە مەکتەب میزت بەخۆدا دەکرد، ئەمەش هەر بەهۆی زستانانی رواندز بوو؟ یان ترسێك بوو؟**

شێرزاد حەسەن: من کە باسی زستانی رواندز دەکەم، کەس وەکو من گیرۆدەی نەبوو، من هەمیشە یەك شەرواڵ و کراسم هەبوو، جەژناوجەژن دەمانگۆڕی، هەندێ جار من هێندە بەدبەخت بووم، دایکم دەپاڕایەوە بۆ ئەوەی جلی جەژنم بۆ بکەن، کەچی باوکم دەیوت نیمانە. بیرمە تا چوومە قۆناغی کۆلیژیش، لە ماڵەوە شەڕێکی گەورە دەبوو تا جلێکی نوێم دەکرد. من باوك و دایکم لەسەر بچوکترین شت بەشەڕ دەهاتن و دەبووە دەمەقاڵەیان و منیش (میز)م بەخۆم دادەکرد، کە گەورەبووم زانیم ئەوە دەردێکە لە ترسان منالْ توشی دەبێ، سەیرەکە لەوە دابوو کاتێك دایك و باوکم بەرۆژ شەڕیان دەکرد، شەوانە دەچوونەوە ژێر یەك پێخەف. بیرکردنەوە لەو پێخەفەی دایك و باوکم دوای شەڕ و دەمەقاڵەیان، وای لێکردم لە گەورەبوون لەسەر پەیوەندی نێوان (نێر و مێ) بیربکەمەوە و بنووسم، بۆیەش لە زۆربەی بەرهەمەکانی من ئەو پەیوەندیە دەردەکەوێتەوە، بەلأم ئەوەی کە تۆ دەپرسی، بەراستی من سەرمام دەبوو، لەبەرئەوەی تا قۆناغێکی کامڵ بونم میزم بەخۆم دادەکرد، حەز ئەکەم ئەوە بزانن، درەنگ من ئەو نەخۆشیەم لە کۆڵ بووەوە. چەند جارێك چوومە لای پزیشك بۆ چارەسەرکردنی ئەو دەردە، تەنانەت جارێك لە ژووری قوتابخانە لە هەولێر میزم بەخۆم داکرد و پرسیان کە بۆنی میزێکی دژوار دێ و کێ میزی کردووە بەخۆی؟ بیرمە ئەو کات لەگەڵ مامۆستا چووینە لای پزیشك. بۆیەش ئەو سەرمایەی رواندز بۆمن کوشندەبوو، چونکێ دەبوایە راکەم بۆ قوتابخانە و تا دەگەیمە قوتابخانە دەرپێ و شەرواڵەکەم تەڕ دادەگەڕان. جا دەبوایە بلەرزم لەسەرمان، من لێرە ناتوانم باسی ئەو عەزابە بکەم، بەلأم هەوڵێکم هەیە بۆ نووسین و ئێستا خەریکی ئەو دەقە ئەدەبیەم، تیایدا باسی دەکەم، لێرەشەوە ئەمەوێت ئەوە بڵێم کە ئەو شتە قورسانە بەردەوام درەنگ دەینووسم، چونکێ زۆر ئەشکەنجەیان داوم، بە هەر حالْ سەرمای رواندز و میزکردن بە خۆمدا، زۆر بێزاریان کردبووم، تەنانەت دایك و باوکیشمی بێزار کردبوو و زۆر جار لێیان دەدام لەسەر ئەو میز کردنە، ئەو لێدانە زێتر منی دەترساند، دوابەدوای ئەوە لێت ناشارمەوە تووشی دەردی دەروونیش بووم، ئەو شەرم و ترسە وای لێکردم، کە لە منالەکانی تر دووربکەومەوە، چونکێ وامدەزانی هەموو خەڵك بەو میزکردنەم دەزانێ و هەموو کەس دەزانێ باوکم لێم دەدات و دایکم لێم بێزارە، ئەمەشیان هەروەك وتم پەیوەندی بە حالەتێکی سایکۆلۆژی هەبوو، بەدەست خۆم نەبوو میزکردن بەخۆم، هەندێك دەیگەڕێننەوە بۆ ئەوەی سەرنجی دایك و باوکت راکێشی، چونکە (تۆ) یان فەرامۆش کردووە، هەندێك دەیگەڕێنەوە بۆ حالەتێکی تر، بەلأم هەست ئەکەم گوشارێکی دەرونی زۆر کاریگەری لەسەرم هەبووە، بەڕاست ئەو قسەیە زۆر راستە، زۆر جار هەست دەکەیت دەتەوێت تۆڵە لە دایك و باوکت بکەیتەوە، چونکێ بەردەوام بە دەمەقاڵەیان، ئازاریان داویت و (تۆ)ش ئەتەوێ کە شتێك بکەیت سەرنجیان راکێشی.

**کۆوار: ئەو کەسانەی هاوتەمەنی تۆ بوون لە رواندز کێ بوون؟ کامیانت قەت لەیاد ناچێتەوە؟**

شێرزاد حەسەن: بە داخەوە من ناوم زوو بیردەچێتەوە، بەلأم دەم و چاوم هەرگیز بیرناچێتەوە، مرۆڤ هەیە دوای (25) سالْ دۆزیومەتەوە، پێمگوتووە تۆ لە پۆلی (یەکەمی سەرەتایی) لەگەڵم بوویت. پێم ووتوە تۆ ناوت چییە؟ وتویەتی تۆ ناوت چییە؟ یەکەم شت کە لە رواندز بیرم ناچێت ماڵی (مام پڵنگ) بوو. چونکە کرێ گرتەی ئەوان بووین و بە وردیش (شێرۆ)م بیر دێ کە کوڕی بوو. ئەوەش کە لەوێ بیرم ناچێت ئەو جۆرە تێکەڵی و ئازادییەی ئەوێ بوو، ژن و پیاو زۆر بە ئازادانە مامەڵەیان لەگەڵ یەك دەکرد ، ئەوسا منالْ بووم زۆر ئازادانە باسیان لە پەیوەندی ژن و پیاو دەکرد. بۆ نمونە شەو دادەهات، پیاوەکان بەبێ شەرم دەیانووت: درەنگمانە بچینە باوەشی ژنەکانمان، ئەمە بە ئاشکرا دەوترا. هەرچەندە ئێستا نازانم حاڵی رواندز چۆنە، بەلأم لەو رۆژگارە گوزارشتکردن تەنانەت لە ئارەزووە راستەقینەکانی مرۆڤ ئاسان بوو، بیرمە (مام پڵنگ) دەچووە نێو کانی ژنان مەلەی دەکرد، خۆی نقوم دەکرد و ژنان دەیانووت مەچوونە دواوە، عەیب نییە هەموومان مرۆڤین، ئەوەی من لە بیرمە کانیەکە و ماڵی (مام پڵنگ)و تێکەڵ بوونی ژن و پیاوە و ئازادییەکی لە رادەبەدەر هەبوو..ئەگەرچی ئێستا خەیاڵم یارمەتیم نادات هەمو ئەو شتانەم بیر بێتەوە، چونکێ زۆر منالْ بوم تا تەمەنی (9) سالأن لە رواندز مامەوە، بەلأم کوڕەکانی بەرێوەبەرەکەم (شوان و شێرۆ)م بیرە، لە یەکەم رۆژی چوونە قوتابخانەم لێیاندام و بیریشمە کە ئەو رۆژانە کراسێکی درێژم لەبەر بوو. ئەوەشم بیرە کە زستانی رواندز گەلێك ساردبوو، دەست و پەنجەم دەتەزی و بەردەوام سەرمام بوو. بەهارەکەیشیم بیرە کە چەند جوان بوو، کوڕێکی ترم بیرە نێوی (سەپان)بوو هاوڕێم بوو. جگە لەمەش کوڕێکی ترم بیرە پێم وابێ ناوی (قاسم یۆحەنا)بوو رۆژێك هێلکەی سوور و زەردی دامێ، نەمدەزانی ئەو هێلکانە چی بون، دواتر دایکم پێی گووتم

***تا قۆناغی کامڵ بوونم میزم بەخۆمدا دەکرد، تا درەنگ من ئەو نەخۆشیەم لە کۆڵ نەبووەوە، تەنانەت دایك و باوکیشمی بێزار کردبوو و زۆر جار لێیان دەدام لەسەر ئەو میز کردنە.***



ئەوانە ( غەیرە دینن)، کە گەورەبووم ئەوسا زانیم کە ئەو کوڕە (عیسا پەرستە)، من هەر لە منالّیمەوە و دوای ئەو هێلکانە زانیم کە خودی ئایینە مرۆڤەکان لە یەکتری جیادەکەنەوە، خودی خێلّ و نەتەوەکانە، ئەگینا مرۆڤ هەر مرۆڤە، من ئەو کات خۆشەویستییێکی سەیرم بەرامبەر بەو کورە مەسیحە هەبوو. جگە لەمانەش هەندێك شتی ترم وەك تارمایی لەبیرە. جێگای بیرهێنانەوەشە باوکم (پۆلیسی ئەسپ سواری)بوو، بۆیەش زۆر حەزم لە ئەسپ سواری دەکرد و بەردەوام لەگەلّ باوکم خزمەتی ئەو ئەسپەمان دەکرد، سەرەتای منالّیم ووردە ووردە دلّرەقی باوکم بۆ دەردەکەوت، هەروەك هەر باوکێکی کوردی مامەلّەی دەکرد و شەرمی دەکرد سۆز بداتە منالّەکانی و بە کەمی سۆزی دەردەخست و دەیشاردەوە. من لە (تەمی سەر خەرەند) کاتێك باسی مەرگی ئەسپەکان دەکەم، خەیالّم لەو ئەسپەوە هات کە لە سەرەتای (60)ەکان لە رواندز پەیدابوو، ئەو کات دەردە ئەسپێك بلاّوبووەوە، ئەوکاتەش بوو کە ئەسپەکەی باوکم مرد.

باوکم ئەوکات گریا، یەکەمین جاربوو ببینم باوکم بگریێ، من لێرەوە ئاماژە بە چیرۆکێکم دەکەم، تا ئێستا بلاّوم نەکردۆتەوە، باس لە مەرگی ئەو ئەسپە دەکات و تاڕادەیەك چیرۆکەکە درێژە.

**کۆوار: هەندێ لە ئاوزاکانی قۆناغی هەرزەکاریت دەلّێن کوڕێکی شەرمن و کەمگۆ و دوورە پەرێز بووی، خۆت لەنێو ئەو بزۆزی و جموجۆلّەی هاوتەمەنانی خۆت هەلّنەدەقورتاند، کە لە نێودارستانەکانی کوران و گلّکەند هەبوو؟**

شێرزاد حەسەن: من تەواو دانەبڕابووم، لە قوتابخانەکەم زۆر یاریم دەکرد، بەلاّم راستە هێندەی لە یادم بێت، لە منالّی وابووم، ئەمەش نازانم کاریگەری پەروەردەی خێزانداریە، یان چی؟ لە منالّی بەردەوام باوکم دەیترساندم، بیرمە لە رواندز جارێك لەگەل کوڕێك بەشەڕ هاتم، باوکم هات منی گرت و قامچیەکی دایە دەست کوڕەکە بۆئەوەی لێم بداتەوە، ئیتر لەوکات تێگەیشتم نابێت شەڕ بکەم، ئەگەر شەڕبکەم و باوکم بزانێتەوە، ئەویش دارکاریم دەکات، بۆیەش وام لێهات نەوێرم شەڕبکەم، ئەگەر لێشم بدەن لە ترسی دارکاری باوکم دەستم نەدەکردەوە. بەردەوام لە بەریەك کەوتن لەگەلّ منالاّن دەترسام، بۆیەش لە کۆلاّنەکەی خۆمان لە هەولێر، منالاّن هەموویان کۆترباز و پشیلەباز و ئەو جۆرە شتانە بوون، کەچی من نەدەوێرام و لە دوورەوە دەوەستام. کاتێك شەڕە کۆلاّنەکانی نێوان کوران و مەحەتە و ئازادی دەکرا، من لە پشتەوەی پشتەوە دەوەستام و شەڕکەر نەبووم، زیاتر سەیرکەر بووم. لێت ناشارمەوە من زۆر منالّ بووم، بیرم دەکردەوە، لەوەش گرنگتر من یەکەم رۆمانی فەرەنسیم بە زمانی عەرەبی لە تەمەنی (12) سالّی خوێندەوە، جگە لەوەش زوو توشی خواپەرستی بووم، چونکە دایکم زۆر خواپەرست بوو، هەر ئەوکاتەش بوو واتە لە تەمەنی (12) سالّی قورئانم خەتم کرد، هەر زوو چوومە مزگەوت و وام لێهات زوو پیربووم، چونکیّ هیچ لە هاوڕێکانم هاتووچۆی مزگەوتیان نەدەکرد، هیچ لە هاوڕێکانم لەو تەمەنە منداڵییە زووەوە خۆیان تووشی ترس و مزگەوت و خواپەرستی نەکرد، من دەتوانم بلّێم تاکو زانکۆشم تەواوکرد جۆرێك لە سۆفیگەری لەنێومدا دەژیا، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ژیانێکی زۆر پڕ لە مەینەتیم هەبوو، پێم وابوو قەرزەکانم لە ئاسمان دەمدەنەوە، مرۆڤ هەر کاتێك پڕ مەینەت بوو، پەنا بۆ خوداپەرستی دەبات و پێی وایە قەرزەکانی لە ئاسمانن، لێت ناشارمەوە کت و مت ئەو قسەیەی تۆ راستە من یارییەکانی منداڵیم لە کەمێك تۆپ تۆپێن زێدی نەدەکرد، هەندێك جار بە ئاسن و تەختە یاریی ئاسنیم دەکرد بۆ لەش جوانی، نزیکترین هاوریّ منداڵیم هونەرمەند (دارا محەمەد عەلی)بوو، کە خوێندنەوەی شێوەکاریم لەوەوە دەستی پێکرد، لەو رۆژگارە تاکە شتێك کەوای لێکردم چاوم بکرێتەوە سینەمابوو، ئەویش دەبوایە بە دزی باوکمەوە بچم، چونکیّ ئەوکات چونە سینەماش جۆرێك بوو لە بەدرەوشتی، هەمیشە دەترسام و لەرزم وئەگرت، تا دەچوومە سینەما و دەهاتمەوە، لەو فیلمانەش قۆناغێکیان فیلمی هیندی و ئەوی تریان کابۆی، ئەوی تریشیان غەزەل بازی بوو، زەمەنێك پاش ئەوە درەنگتر فێری فیلمی رۆمان و داستان و رۆمانسیەت بووم، واتە درەنگ

**تاکە شتێك کەوای لێکردم چاوم بکرێتەوە سینەمابوو، کەچی دەبوایە بە دزی باوکمەوە بچم، چونکە ئەوکات چوونە سینەما جۆرێك بوو لە بەدرەوشتی.**

**پرسیارکردن لە راستی داستان و حیکایەتەکانی نێو قورئان وای لێکردم بیربکەمەوە.**

**یەکەم بەرهەمی بڵاوکراوەم بەکوردی شیعرێك بوو، لاسایی عەبدوڵڵا پەشێوم کردبووەوە.**

**تاکو زانکۆشم تەواوکرد جۆرێك لە سۆفیگەری لەنێومدا دەژیا، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ژیانێکی زۆر پڕ لە مەینەتیم هەبوو.**




تر هەندێك فیلمی جوانمان دەبینی بۆ ئەوەی خەیاڵمان بکاتەوە.. بیریشمان نەچێت چوونە مزگەوتم فێری کردم بە دوای راستی قورئان و گەڕان بەدوای خواناسینی خودا بکەوم، ئەو سەردەمەش پرسیارکردن لە راستی داستان و حیکایەتەکانی نێو قورئان وای لێکردم بیربکەمەوە و پرسیاربکەم، ئەمەوێت ئەوەش بڵێم کە هەموو منداڵێك ئەو جۆرە پرسیارانەی هەیە، بەڵام هەندێك ژینگە پرسیار دەکوژێ، من کە وەڵامی ئەو پرسیارانەم نەدەدرایەوە ئاسودە نەدەبووم، بۆیەش هەمیشە لە نێو کتێبەکان بەدوای وەڵامدا دەگەڕام، بە تایبەت ئەو کاتانەی کە کتێبی ئەدەبییم دەخوێندەوە، لێرەشەوە دەرفەت وەردەگرم ئەوە بڵێم کە من لە 12 ساڵانەم فێری خوێندنەوەی کتێبی ئەدەبی بووم، ئەمەش بەرێکەوت لە ماڵێکی دراوسێم دەستکەوت و خوێندمەوە، ئەویش رۆمانی (نێچیر)ی ئەمین زۆلا بوو، ئەو دراوسێیەشم کۆمۆنیست بوو بەردەوام دەیخوێندەوە و ناوی مەلا هەمزە بوو، کادیرێکی چالاکی حزبی شیوعی بوو، لە ماڵێکی زۆر سادەی گەڕەکی (کوران) بوو، کاتێك ئەو رۆمانەم لەوێ بینی پرسیارم کرد: ئەوە چییە؟ ووتی: ئەمە رۆمانە، من نەمدەزانی رۆمان چییە؟ من یەکەم جاربوو کتێبێکی وا غەریب ببینم، بیرمە رەسمی کچێکی لەسەر بوو، پێش ئەوەش زۆرم سەعی دەکرد، بیرمە دایکم پێی دەووتم ئەگەر بخوێنیت وەکو فلانی کوڕی فلان ئەبیتە ئەفسەر یان دکتۆر و مامۆستا، من لە مەینەتیەکانی ئەوسای ماڵمان دەستم بە سەعی کرد، بۆیەش ئەوکات فێری نووسینی داڕشتن بووم بە زمانی کوردی و عەرەبی، تەنانەت مامۆستا پێیان دەووتم بخوێنەوە تا قوتابیەکان لێت فێربن، من قەرزباری مامۆستای عەرەبیم کەناوی تەحسین بوو، ژمارەیەکی زۆر لە گۆڤاری عەرەبی دامێ پێی ووتم: پێویستە تۆ بخوێنیتەوە، بیرمە بۆ یەکەمین جار ئەو منی بردە کتێبخانەی گشتی لە هەولێر، ئیدی کە فێری کتێبخانەی گشتی بووم، بەردەوام دەچووم و دەهاتم، هاوینان هەرسێ مانگی لەوێم دەگوزەراند و زۆر رۆمانم لەوێ خوێندەوە و هۆن هۆن لە گەڵی دەگریام، کۆی رۆمانەکانی (محەمەد عەبدولحەلیم عەبدوڵلا)م کە نووسەرێکی دەشتەکی میسری رۆمانسییە، ئەم خوێندەوە و هۆن هۆن لەکاتی تەواوبوونیان دا دەگریام. سەرەتای خۆشەویستیم بۆ ئەدەب دەگەڕێتەوە بۆ چواری سەرەتایی، مامۆستایەك هاتبووە لای دراوسێکەمان، دیاربوو برای بوو، بەردەوام شەوان شیعری دەخوێندەوە، یەکێك لەو شیعرانەی کە دەیخوێندنەوە و بەردەوام پێی سەرسام دەبووم. شیعرێکی قانع بوو بە ناوی (لێفە شڕ) کە باسی لە لێفێکی شڕ دەکرد، ئێمە لە ماڵەوە (8) خوشك و برا لە ژێر یەك لێف دەخەوتین، من پێم سەیر بوو چۆن قانیع باس لەو لێفە دەکات، کە من شەوان لە ژێری دەخەوتم، دواتر زانیم (قانع)یش هەمان لێفی هەبووە، شەوان ئەو مامۆستایە دەهاتە ماڵمان، بەشەرمەوە تکام لێدەکرد ئەو شیعرەم بۆ بخوێنێتەوە، ئەویش بە عیشقەوە دەیخوێندەوە، حەزم دەکرد گەورەببم و وەك ئەو شاعیرە گوزارشت لە خۆم بکەم، ئەو کات نەمدەزانی (قانع) کێیە، بەڵام ئەوەی گرنگ بوو لەلام ئەوەبوو، کە باسی ئەو شتانە زۆر دەکەم کە بۆنی برسیەتی و تێنووەتی و دەردی لێدێ.

**کۆوار: ئەی سەرەتای سەوزبوونی ئەو گیانە یاخیبووەت بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟**

شێرزاد حەسەن: چوونە بەغدا و چوار ساڵ خوێندنم بە زمانی ئینگلیزی و ئەو کتێبانەی لەسەر فەلسەفەی ئیسلامی هەبوون دەمخوێندنەوە، لە چواری ئامادەیی زۆرێکی وەك ( ئیبن روشد و غەزالی و کندی و فارابی و چەندانی تر)ناسی بوو، بەردەوام پرسیارم دەربارەیان لە مامۆستاکانم و مەلاکانی گەڕەك دەکرد و دەمپرسی ئەو وشە و دێڕە چ مانایەکی هەیە؟ هەرچەندە ئەو کات تووشی کێشەی سەیر دەبووم لەوەی کە پرسیاری زۆرم هەبوو، دواتر تێگەیشتم ئەو پرسیارانە نابێت بکرێت، گرنگترین پرسیاریش ئەوانەبوون،کە من چیم و لە کوێ هاتووم؟ تێکڕای پرسیارە ئەزەلیەکانم دەکرد، لێت ناشارمەوە خوێندنەوەی ئەدەب پرسیاری لەلا دروست دەکردم، ئەدەب دەروازەیەکی گەورەیە بۆ پرسیارکردن، رۆژ بە رۆژ پرسیار و گومانەکانم گەورە دەبوون، هەر ئەو سەردەمەش بوو تەماعێکی گەورەی خوێندنی زمانی ئینگلیزیم هەبوو، ئەمەشیان زیاتر بۆ فێربوونی ئەدەبیاتی ئینگلیزی بوو، هەر ئەو سەردەمەش چانسی ئەوەم بۆ هات زمانی عەرەبیم زۆر باش بکەم و بنووسم، هەر لە ساڵی 1975 یەکەم بەرهەمی خۆم بە زمانی عەرەبی بڵاوکردەوە، واتا لە قۆناغی چوارەمی کۆلێژ دابووم چەندین پەخشانە شیعرم بە عەرەبی بڵاوکردەوە، هەرچەندە یەکەم بەرهەمی بڵاوکراوەم بەکوردی شیعرێك بوو لاسایی عەبدوڵلا پەشێوم کردبووەوە، من ئەو رۆژگارە زۆر سەرسامی عەبدوڵلا پەشێو بووم، ئەو سەردەمە تەنها ( عەبدوڵڵا پەشێو) و (سەعدوڵڵا پەرۆش) ناو بوون لە هەولێر، من هەردووکیانم دەخوێندەوە، بە تایبەت عەبدوڵلا پەشێو لاساییەکی زۆرم دەکردەوە، جگە لەمەش ئەگەر بیرت بێ شۆڕشی 1975 و شکستی ئەو سەردەمە کاری زۆری لە کورد کرد، منیش

یەکێك بووم لەوانەی کە بێ ئەندازە کاریگەری لێکردم، من هەرگیز پیاوێك نەبووم بە کار و کردەوەی سیاسییبم، بەڵام لە 11ی ئازار دونیایەك شیعرم خوێندەوە، تەنانەت لەبەردەم پارێزگای هەولێر منیان ئەخستە سەرشان و شیعرم ئەخوێندەوە، کە شەوانە لە دەفتەرێکدا رەشنووسم ئەکردن، لێت ناشارمەوە ئەوکات چەندین شت کاری تێدەکردم کە شیعر بنوسم، هەرچەند ئێستا بەڕای من ئەوانە کۆمەڵێك شتی کرچ و کاڵ بوون و شیعر نەبوون، بەڵام بۆ من ئەوکاتە شتی گەورەبوون، بەتایبەتی کە سەردەمی باڵق بوونم بوو، رۆحێکی نیشتمانی گەورەشم تێدابوو، لەگەڵ خۆشەویستییێکی زۆر بۆ سروشت و جوانی، بەتایبەتی گوزارشت کردن بەو سۆزە پەنگ خواردراوەی ناوەوەم بەرامبەر بە جوانی و ئافرەت، شەوانیش دەترسام چونکێ بە حەرامم ئەزانی، بۆیە لەنێو حەرام و حەڵاڵ، دونیایەك پرسیارم هەبوو لە کاتێکدا نیشتمان داوای شتێکم لێدەکات و دڵیش داوای شتێکی تر، واتا شتی زۆر سادە منی خستبووە نێو دونیایەك پرسیاری قوڵ، کە یاخی بوون بە شەو و رۆژێك دروست نابێت، بەڵکو لە 12 ساڵانەوە کە یەکەم کتێب و دووەم کتێبیشم خوێندەوە، هەستم بەو زەلیل و مەینەتیانە کرد، کە لە ناوەوەم گەورەبوون، لە دەست کۆمەڵێك عەیب و شەرم و داب ونەریتی کوردایەتی، کە بەشێکی زۆریان بە سەقەت ئەزانم و هەندێکیشیانم پێ جوانە، هەر ئەوانە بوون وایان لێکردم هەڵگەڕێمەوە و تووورەببم و زمانێك بدۆزمەوە لە رووی کۆمەڵایەتی و ئەدەبییەوە.

بیریشم نەچێت دیسان بە رێکەوت بووم بە مامۆستا لە سلێمانی، سەرەتای رووبەڕووبوونەوەی من لەگەڵ خەڵکی سلێمانی دەستی پێکرد، فرسەتێکی باشیش بوو قسە بکەم، چونکە رۆژانە دەچوومە دەیان پۆل، قسەکردن لەو پۆلانە بۆخۆی کۆڕێك بوو، بۆیەش لە قوتابخانە لەبەردەم قوتابییە کچ و کوڕەکانم ووردە ووردە زمانم پڕژاو و وەك کەسێك زمانی گیرابێ و حەز لە قسەکردن بکات، زمانم بووەوە. ئیتر سەرەتای تەقینەوەی تووڕەیم لەو سەردەمە دەستی پێکرد، بەڵام مێژووی یاخی بوونم، بۆ هەموو ئەو کتێب و بڕوایانە دەگەڕایەوە، کە لە بیرەوەریمدا هەبوون، وەك شەختەیەك کە خۆر لێیبدا و بتوێتەوە. ئیتر هەستم دەکرد خۆرێکی بەتین، ئەو سەهۆڵەی رۆح و بیرم دەتوێنێتەوە.

**کۆوار: بەو پێیە دەبێ کەڵە کوڕان و ئاسکە کچان زادەی ئەو سەردەمە بێت؟**

شێرزاد حەسەن: لە (تەمی سەر خەرەند)، (شیرین و فەرهاد) وەك دوو منداڵی زۆر پاك یەکترییان خۆش دەوێت و هۆگری یەکترن و حەزدەکەن گوێ لەیەکتری بگرن، (فەرهاد) کاتێك مەڕێکی ون دەبێ، دێتە لای (شیرین) و شەرم ناکات و دەگری، واتە بێ ئەوەی شەرم لە یەکتری بکەن، رازەکانی دڵیان دەدرکێنن، بەڵام ئەوە کۆمەڵگایە پێت دەڵێ حەرامە قسەکردن لەگەڵ شیرین و گوناهە ماچی بکەیت، ئاخر ماچ کردن لەو تەمەنە منداڵیە هیچ مانایەکی نییە، بۆ گوناهە؟ بۆیەش ( تەمی سەر خەرەند) گێڕانەوەی کۆمەڵگایەکە هەر لەمنداڵیەوە رەسمی حەرام و حەڵاڵت بۆ دەکات، بە رای من ژینگە و قوتابخانە و دەوروبەر زۆر کاریگەریان لەسەر ئەوە هەیە، من بۆ خۆم لە خێزانێکی زۆر هەژار، زۆر نەخوێندەوار و پڕ حەلاڵ و حەرام گەورەبووم، بۆیە سەیر نییە کە ئەوە لەگەڵ من گەورە بووە و هات، تا گەیشتمە قۆناغی زانکۆش نەمتوانی دڵ و دەروونم لەبەردەم کچێك بکەمەوە. بەڕاست تا بوومە مامۆستاش لە سلێمانی، لە رووی سۆزداری و خۆشەویستییەوە هیچ پەیوەندییێکی قوڵم نەبوو. واتە لەخواترسان و شەرم وای لێکردبووم پێم حەرام بێت کچێك ماچ بکەم و دەستی بگرم یان نامەیەکی بۆ بنووسم. دەترسام لەو داب ونەریتە کۆمەڵایەتییەی کە بۆ من یەك دونیا حەرامی چێ کردبوو.




**کۆوار: ئەی چۆن زانکۆ و خوێندن لەبەغدا ئەو کاریگەرییەیان نەبوو؟**

شێرزاد حەسەن: کە چوومە زانکۆ، وامزانی لەوێ دونیایەکی کراوەتر دەبینم، کەچی دیسان کوڕ و کچەکان بە کوڵێ شەرمەوە لەگەڵ یەکتری دەژیان، دوای ئەوەی بەڕێکەوت بومە مامۆستای کوڕ و کچان لە قوتابخانەی تێکەڵاو، زۆر وانەم وتەوە، واتە لە سەردەمی منداڵیمەوە تا بوومە مامۆستا لە سلێمانی، کە شارێکی کراوەترە بەبەراورد لەگەڵ رواندز. لێرەشەوە ئەمەوێت ئەوە بڵێم کە سلێمانی لەو کاتەی کە تیایدا بوومە مامۆستا واتە لە ناوەڕاستی (70)، زۆر لە ئێستا شارستانی تر و کراوەتر بوو، ئەمەشیان قسەی تر لەخۆی هەڵدەگرێ، کە بۆچی لەرووی شارستانییەوە پاشەکشێی کرد. بە بڕوای من ئەوەیە کە بیرم کردەوە، ئەو هەموو شتانە دونیایەك شەرم و عەیبەی دروست کردووە و منیش یەکێکم لەو بنیادە کۆمەڵایەتیە. من بیرم دێ کە دۆستەکانی منیش وان، ئەوانەی کە زۆر چەتوون و بزێون. پڕن لە دونیایەك حەرام و حەڵاڵ، بەزاندنی ئەو شەرمانەش لەلای هەندێکیان، دیسان پڕ بوون لە شەرمی تر. ئەتوانم بڵێم کۆمەڵگەی کوردی، وەك سەلمان روشدی بەرامبەر هیند و پاکستان دەڵێ: شەرم کوشتوویەتی، بۆیەش بڕوام وایە شەرم و ترس و عەیبەی کەسان ئەو وڵاتەی ئێمەی کوشتوە، کە رەگی هەیە لەنێو کەلتوری کوردی، چونکە تا ئێستا لە قۆناغی دەرەبەگیە، قۆناغی شوانکاری، قۆناغی

**لە سلێمانی تا بوومە مامۆستاش، لە رووی سۆزداری و خۆشەویستی یەوە هیچ پەیوەندیێکی قوڵم نەبوو..**

**سلێمانی لە ناوەڕاستی (70)، زۆر لە ئێستا شارستانی تر و کراوەتر بوو.**

**هەولێر تا ئێستاش کۆمەڵگایەکی موحافیزکارە، بەبڕوای من بەشێکی زۆریش خەتای دەسەڵاتە بە هەردوو حزبە گەورەکانەوە، دەبێت دەستەلاّت لەوە تێ بگات، کە چاکی کۆمەڵگا لە بەرژەوەندی ئەو تەواو دەبێت.. ئاگاشت لێبێت سلێمانیش وەك هەولێر گیرۆدەیە بە دەست ئەم شتانەوە، سلێمانی لە رووی مەدەنی یەوە جیاوازی نییە، ئەویش تارادەیەکی زۆر بەدەست شەرم دەناڵێنێت.**

کۆمەڵگەی کشتوکاڵی، بۆ نموونە ئەوروپا دوای شۆڕشی پیشەسازی توانی کچ و کوڕ تێکەڵ بکا و وایان لێبکات بهێنە سەر جادە، واتە شۆڕشی شارستانی دوای کۆمەڵێك شۆڕشی بچوك و گەورەی پیشەسازی و فیکریە. شتێك نییە لە خۆیەوە بێت، کاتێك پەیوەندی نێر و مێ لە شوێنێك دەگۆڕێ، دەیان گۆڕانکاری تر بوون، بۆیەش ناکرێ هەر ئەمڕۆ بڕیار بدەین و بڵێین با بگۆڕین. بە هەرحاڵ ئەو ترس و شەرمەی جەنابیشتان باسی دەکەن، بە دڵنیاییەوە لە منیشدا هەبووە تاکو ئەمڕۆش کە تەمەنم 54 ساڵە شەڕی لەگەڵ دادەکەم. سەرەتای کرانەوەم بەنێو خەڵك و دونیا و کۆمەڵگە، لە سلێمانی بوو، لەبەرئەوە پێشتر، کە لە رواندز بووم. لە شوێنەکانی تریش قوتابی و نەبوونی و زانکۆ لە بەغدا. تەنیا فریا دەکەوتم سەعی بکەم و بخوێنم و دەرچم و ببمە مامۆستا. لە رووی کۆمەلاّیەتییەوە سلێمانی شارێکی کراوە بوو، هەرچەندە لە ناوەوە قەرەباڵغ بوو. بەلاّم بێ زمان بووم. واتە کاتێك لە هەولێر بووم لە ناومدا دەیان شت هەبوو، لە بورکان دەچووم لە ژێر زەوی و نەم دەتوانی بتەقمەوە و زمان بدۆزمەوە، ئەوەبوو لە سلێمانی لە رووی کۆمەلاّیەتییەوە شتێکی ترم بینی، بەپێی ئەوەی، کە مامۆستا بووم و رۆژانە لەبەردەم دەیان قوتابی دەوستام و دەیان گەنجم دەبینی وای لێکردم بڕوا بە خۆ بکەم و لە نێو ئەو قوتابیانەش خۆم و خوشك و براکانم بدۆزمەوە، هەستم ئەکرد هەمان پرسیار و گومان و دڵەراوکێ لەنێو ئەوانیشدا هەیە. هەستم کرد گوناهە ئەوانیش وەك من گەورەبن، سەرەتای تەقینەوەی توڕەبونیشم ئەوەبوو، کە هەستم ئەکرد نەوەیەکیش لەبەردەم دەستی مندا هەن، ئەگەر فریا نەکەوم وەکو من حەلاّڵ و حەرام دەیانکوژێ، بۆیە خەفەتم لێیان دەخوارد، ئەو خەفەتە بووە توڕەبوون و ئەو توڕەبونەش بوو بە یاخی بوون.

ئیتر زمانی ئەدەب بۆ من بووە زمانی گوزارشت و دەرفەتم بۆ چێ بوو فێری کۆڕگرتن بم. ساڵانە دوو سێ کۆڕم دەگرت. جارێك لەسەر ژن، جارێك لەسەر گەنج و مناڵ وجارێك لەسەر ئەدەب و.........تاد، وای لێهات تا دەهات خەڵکم زێتر لەخۆ کۆدەکردەوە بۆ ئەوەی ئەوەی لەناومدابوو بیتەقێنمەوە، بۆیەش زوو هەستم کرد سلێمانی ئەو فەزایەیە کە من دەمەوێت، تا ئێستاش هەست ئەکەم ئەو فەزایە کەمن دەمەوێت، بۆ نموونە لەو شارە ئەگەر یەك سەرچاوەش بێت، بەس بەزمانی حەکیمانە بنووسیت، گوێت لێدەگرن، من زۆر جار قسەم کردوەو نەیارەکانیش گوێیان لێگرتووم.

**کۆوار: بۆچی لەهەولێر گوێت بۆ رانەدەگیرا؟**

شێرزاد حەسەن: هەولێر تا ئێستاشی لەگەڵ دابێت شارێکە تیایدا کولتورێکی دەشتەکی زۆر قورسی هەیە. کە دەڵێم دەشتەکی مەبەستم لەو کولتورە دەرەبەگیەیە، کە مرۆڤ تیایدا درەنگ دەگۆڕێت. من لەماوەی 25 ساڵ ژیانم لە هەولێر و 25 ساڵ لە سلێمانی وا هەست دەکەم سلێمانی زیاتر لە هەولێر دەرفەتی گووتن و هاوار و گوێگرتنی تیایە، بەلاّم بیریشت نەچێت رەنگە ئەگەر لە هەولێریش بوومایە هەر وا بوومایە، جا ئەگەر لەوێ شوێنم بوایەوە یان دەرکرابامایە، ئەمە گفتوگۆیەکی تری لە خۆی هەڵدەگرێت، بەلاّم ئەو دەروازانەی کە بۆ ئەدەب و فیکر بۆ من لێرە کرایەوە لە هەولێر بۆم نەکرایەوە! بە دڵنیاییەوە ئەمەیان نازانم، بەلاّم بەبڕوای من ئەو مێژووەی هەولێر زیاتر توڕەی کردم لە سلێمانی و بەغدا، بیرت نەچێت لە سلێمانیش لە نێوەندی ئەدەبی و فکری ژمارەیەکی ئێجگار کەم هەیە هاوار بکات، بۆیەش دەتوانم بڵێم لە هەولێریش خەڵکی یاخی زۆرە، بەلاّم ئایا کۆمەڵگەیەك هەیە ئەم شتانەیان لێ بکرێت؟ بە بڕوای من کۆمەڵگای هەولێر تا ئێستاش کۆمەڵگایەکی موحافیزکارە، بەبڕوای من بەشێکی زۆریش خەتای دەسەلاّتە بە هەردوو حزبە گەورەکانەوە، دەبێت دەستەلاّت لەوە تێ بگات کە چاکی کۆمەڵگا لە بەرژەوەندی ئەو تەواو دەبێت، بەداخەوە هێشتاش شەرمنە چاوی لە هێزە پاشکەوتووخوازەکانە، بۆیە من جۆرێك لە دینداری لە نێوان هێزە عەلمانیەکان ئەوانەی کە خۆیان بەرادیکال ئەزانن، واتە مادامەکێ خۆیان بە رادیکال و عەلمانی ئەزانن دەبوایە فەزایەکی مەدەنی تر لە هەولێر و سلێمانی بکرێتەوە، ئاگاشت لێبێت سلێمانیش وەك هەولێر گیرۆدەیە بە دەست



ئەم شتانەوە، من بڕوام وایە سلێمانی لە رووی مەدەنی یەوە جیاوازی نیە، ئەویش تارادەیەکی زۆر بەدەست شەرم دەناڵێنێت.

**کۆوار: ژیانی هاوسەری تاچەند توانی تایبەتمەندی شێرزاد حەسەن حەسەن رابگرێ؟**

شێرزاد حەسەن: من کە بوومە مامۆستا سەرەتا حەزم ئەکرد لە سلێمانی بم، دەمویست ئەو پارەی وەری دەگرت لە خوشك وبراکانم سەرفی بکەم، چونکە من نۆبەرەبووم، بەلاّم کە هاتمە سلێمانی پاش چەند ساڵێکیش زانیم فەزایەکی زۆر گەورە هەیە بۆ قسەکردن و دیالۆگ، لە رووی کۆمەلاّیەتی یەوە لەو شارە تێکەڵ بووم، خەڵکی سلێمانیم خۆشەویست و دەرفەتی ئەوەشم زوو بۆ هات دەرگاکانم لێ بکرێتەوە، زۆرێك لە پەنجەرەکانم بۆ والاّکرا، لە سلێمانی کەم ماڵ هەبوو دەرگا لەمن داخا، ئەمەش وای کرد من بە ئاسانی خۆشەویست بم و خەڵکم خۆش بووێت، بە پێچەوانەی ئەو سەردەمەی هەولێر نەکەس چاوەڕێی دەکردم ، نەکەس خۆشیشی دەویستم و تەنها بووم، تا ئەو رادەیەی شەرمم دەکرد بە تەنها لە دەرگای ماڵە خزمەکانیشم بدەم، چونکە بە جۆرێك لەوێ پەروەردە ببووم، کە هەژارانە بچمە ماڵێك، وەك ئەوە وابوو کە بۆ نان بچم، بە هەرحاڵ رێکەوتی زەماوەندم لەگەڵ (کەژاڵ) کە کچی بێوەژنێکی نەگبەتی سلێمانی بوو ،دایکی نەی دەزانی چی لێ بکات، کاتێك من خوازبێنی (کەژاڵ)م کرد، پەیمانی ئەوەم لەگەڵ خۆیی و دایکیدا. ئیتر نەچمەوە هەولێر تا ئەوکاتەی ئێوە باوەڕدێنن کە بچمەوە هەولێر، لە هەشتاکانیش کە

شەڕی عێراق و ئێران دەستی پێکرد من لە عەسکەری فیرابووم، خەڵك لێرە منیان بەخێودەکرد، کەژاڵ بوو بە فەرمانبەر، دایکیشی لە شیرینی دەست ڕەنگین بوو، بەخێویان دەکردم، تا جەنگی نێوان ئێران و عێراق تەواو بوو، ئیشی ئەدەبیم دەکرد، هەر لەوکاتەش چەندین پەیوەندیم لەگەڵ خەڵکدا بەست، هەروەها درێژخایەنی جەنگیش وای لێکردم لەگەڵ شاخ پەیوەندی ببەستم، لە رووی سیاسیشەوە خەڵکی تر بناسم، ئەگەرچی لە رووی کردەیی یەوە قەد کاری سیاسیم نەکردووە و کاری نهێنیم بۆ کورد نەکردووە، بەڵام زۆر دڵگەرم بوومە بۆ شتی کوردیی و نیشتمان پەروەری، یەکێك بووم لەو مامۆستایانەی هەمیشە دژی بەعس قسەم دەکرد، ئەو قوتابیانەش شاهیدن، یەکێك بووم لەو مامۆستایانەی شەوانە بەردەوام خەونم بە سێدارەوە دەدیت و وام هەست دەکرد بۆ بەیانی دەگیرێم، ئەو بزێوی و هارییە کە لە رووی فیکری و ئەدەبی هەم بوو تەماعیان دامیٚ لێرە بمێنمەوە، جگە لەمەش کەسێك نەبوو لەرووی مادییەوە بەخێوم بکات، لە کاتی جەنگیش ساڵ و نیوێك لە ژووری ماڵێك نەهاتمە دەریٚ، لەو ماوە زەمەنیەش بوو یەکەم کۆمەڵە چیرۆکم چاپ کرد بەناوی (تەنیایی)، بە هەر حاڵ هەندێك جار ئەو فەزایە سیاسی و کۆمەڵایەتیە وای لێکردم لە سلێمانی بمێنمەوە، هەرچەندە شاری هەولێر و سلێمانی هێندە جیاوازی بۆ من نییە، من نەم دەتوانی لە (فینلەندا) بژیم، بۆ من ژیان لە رواندز و دیاربەکر و بۆکان ئاساییە، ژیان لەو ژینگەی کە کوردی تێدایە ئاسایی یە، لەوە ئەچیٚ من ئەگەر زۆر تەنها و دوورە پەرێزم، لە هەمان کاتدا بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی زۆر سەیرم، بەردەوام حەز ئەکەم دەگەڵ خەڵکدا بم وهەست بە خەم و دەردیان بکەم. هەرچەندە بۆ ئەدەب وانیم، بەڵام بۆ کۆمەڵایەتی بەردەوام حەزم لە تێکەڵاوییە، واتە سەدان کوڕ و کچی ئەم شارە قسەم بۆ دەکەن و گوێیان لیٚ دەگرم، ئەمەش خاڵێکی گرنگە بۆ مانەوەم لە سلێمانی تەنانەت جار هەبووە چومەتە نێو کێشە کۆمەڵایەتییەکانیان.

**کۆوار: تۆ وەك کەسێکی فیمینست ناوت رۆیشتووە، تا چەند بەرامبەر خوشك و هاوسەر و کچەکەت پیٚ لەسەر مافەکانیان دادەگری؟**

من شەشی ئامادەیی بووم، کە یەکێك هاتە خوازبێنی خوشکم، وتم دەبێت بەلاش بیدەنیٚ، بووە شەڕم لەماڵەوە کە ئەوسا ئیسلامیش بووم، ئێستاش خووشکەکەم و زاوایەکەم شایەتن، کە حەزم کرد ئازاد بن، هەرچەندە وەکو بیرکردنەوە شێتانە و تەقلیدی بووم، بەڵام یەکەم پرسیارم لە خووشکەکەم ئەوە بوو، کە ئایا خۆشی ویستووە، ئەویش وتی: بەڵیٚ ، کوڕەکە برادەری خۆم بوو ئیتر کەوتمە بەرگری کردن لێیان و شەڕم لەگەڵ دایکم و باوکم کرد، هەرچەندە تا رادەیەکی زۆر موحافیزکاربوم لەوەی یەکێك حەز لە خووشکەکەم بکات، بەڵام هەر بەرگریشم لێکردن، من ئێستاش بۆ کچەکان و هاوسەرەکەشم پێم نەوتن ئێوە کێن؟ و چۆن بیردەکەنەوە؟ و چی دەکەن؟ حەزدەکەم ئەوەش بزانی کە 54 ساڵی تەمەنم ئێستا کە دەچمە ماڵەوە بۆ ناو خێزان و کچەکانم شتێکم بەناو نەمایە، ئەگەر لێم تووڕەبن دەبیٚ بچم لە ئوتێل بخەوم، جگە لەمەش من هانی کچەکەم دەدەم ئەگەر دڵخوازێکی هەبێت بیٚ لە ژوورەکەی من لەگەڵی دابنیشیٚ، واتە لە رووی کۆمەڵایەتیەوە تەواو ئازادن. ئەمەویٚ ئەوە بڵێم کە کوڕ و کچ جیاوازییان نەمایە، بەڵام کچەکەت زێتر پێویستی بە تۆیە لە رووی دەروونی و رۆحییەوە یارمەتی بدەی، کچەکە لە کۆمەڵگایەکی وا داخراوادا، کەس نییە پشت و پەنای بێت، بەڵام کوڕەکە دەتوانێت خۆی رزگاربکات، ئەگینا کوڕ و کچ بۆمن هیچ جیاوازییەکی نییە، واتە لەوەتەی بیرکردنەوەی شارستانیم هەیە، ناتوانم بۆ یەك ساتیش چاو بنوقێنم و کچ و کوڕ جیاوازییان هەبیٚ، رەنگە تووڕەبوونی من بۆ برادەرانی ئایین پەروەر و ئیسلامی ئەوەبیٚ، کە بەردەوام دەیانەوێت کەم تا زۆر پیاو سەرکەویٚ و ژنیش ژێر کەویٚ، هەڵبەتە من هەموویان ناڵێم، دیارە خەڵکی مەدەنیش لە نێو ئەوان ئامادەیە. چەند رۆژێك پێش ئێستا بەرنامەیەکم لە رادیۆی نەوا لەمیانەی بەرنامەکەدا وتم عەیب نییە ئافرەت بچێت بۆ داخوازی پیاو، بەڵام ئەوە کۆمەڵگای رۆژهەڵاتە بە عەیبی ئەزانیٚ، بۆیەش کاتێك کچەکەم دەنگ بەرزبکاتەوە بڵێت فلانە کوڕەم ئەویٚ، دەبیٚ رێی بۆ خۆش بکەم، واتە من چۆن دڵداریم بۆ کوڕەکەم پیٚ خۆشە، دەبیٚ بۆ کچەکەشم پێم خۆش بیٚ.

**هانی کچەکەم دەدەم ئەگەر دڵخوازێکی هەبێت، بیٚ لە ژوورەکەی من لەگەڵی دابنیشیٚ**

**کاتێك کچەکەم دەنگ بەرزبکاتەوە بڵێت فلانە کوڕەم ئەویٚ، دەبیٚ رێی بۆ خۆش بکەم، واتە من چۆن دڵداریم بۆ کوڕەکەم پیٚ خۆشە، دەبیٚ بۆ کچەکەشم پێم خۆش بیٚ.**




**کۆوار: با بێینە سەر تەوەرێکی تر کە پەیوەندی بەو قەیرانەوە هەیە کە رۆشنبیری و رۆشنبیران تێیکەوتون، لەگەرمەی رووداو و قۆناغی هەستناسکی ئێستا خوێندەوار و رۆشنبیرانی کورد ناویان لە کولەکەی تەڕیش دانیە، ئێوە بۆ ئەم دۆخە دەڵێن چی؟**

**ڕۆشنبیر، یان خوێندەوار، یان هونەرمەند و ئەدیبی کورد، کە دەچێتە ناو حزب دەتوێتەوە و دەنگی ئۆپۆزسیۆنی نامێنێ..**

**ئەندام پەرلەمانەکانمان، کە نوێنەری خەڵکن، بەڵام هەرگیز نابن بە نوێنەری خەڵك، زیاتر ملکەچی داواکانی حزبن.**

**شورەییە نوسەران لە دوای ئاشتبونەوەی حزبەکان لەگەڵ یەکتری ئاشتدەبنەوە.**

شێرزاد حەسەن: حەقیقەتێك هەیە دەبێ بیزانین، ئەویش ئەوەیە کە ئێمە سەرقاڵی ئەدەب و هونەرین، بەڵام ڕۆشنبیر پێناسەیەکی زۆر قورسی هەیە لە دونیایی پێشکەوتوودا، ئەکرێ ڕۆشنبیر لە ناو حزبێك چالاك بێ. بەڵام تۆ وەرە سەیری ڕۆشنبیر یا خوێندەوار یا هونەرمەند و ئەدیبی کورد بکە، کە دەچێتە ناو حزب دەتوێتەوە، دەنگی ئۆپۆزسیۆنی نامێنێ، بۆ نموونە ئەندام پەرلەمانەکانمان کە نوێنەری خەڵکن بەڵام هەرگیز نابن بە نوێنەری خەڵك، زیاتر ملکەچی داواکانی حزبن و هێندە قسە لەسەر مافی ژن دەکا حزب دەیەوێ، بە قەدەر حزب قسە لەسەر پیر و پەککەوتەو منداڵ دەکا. بۆیەش من کێشەم نییە کە ڕۆشەنبیری کورد لە نێو حزبە یا لە دەرەوەی حزبە بەڵام پرسیاری من ئەوەیە تا چەند چالاکە و بایی چەند دەنگی خەڵکە.

خۆ لە نێو حزبەکانیشدا کۆمەڵێك کەسی خوێندەوار هەن، بەڵام خوێندکارانی ئەو کەسە چالاکە نین، کە گۆڕان دروست بکەن. من بۆ خۆم چەندان دۆستم لەنێو هەردوو حزبەکان هەیە وەك دوو حزبی دەسەڵاتدار، بەڵام سەیر ئەکەم زۆر خامۆشن، من ناوناهێنم، بەڵام زۆرێك لە برادەرەکانم کە یاخی بوون، ئێستا لەنێو حزب فەرمانبەرن و لەنێو دەزگاکانی ڕاگەیاندن کاردەکەن و زۆر جار ئامۆژگاریم دەکەن و دەڵێن" تۆ چیت داوە لەو چەقەچەقە، بۆ بۆخۆت ئاقڵ نابیت و دانانیشیت"، من زۆر لەدڵم گرانە خوێندەوار و هونەرمەند و ئەدیبی کورد دەبینم کە مۆسیقا ژەن و ڕۆژنامەنوس و چیرۆك نووس و ڕۆماننوسە دەچنە نێو حزب خامۆش دەبن و گوێڕایەڵی کار دەکەن، بە بڕوای من ڕۆشنبیرێك هەیە لەنێو خەڵك و کۆمەڵگە کاربکا و ببێتە چاودێر و هەموو ناشرینیەك کە دەربارەی کۆمەڵگە دەکرێت، دەبێت قسەی لەسەر هەبێت، تەنانەت (ڕشتنی زبڵێك) لەسەر جادە و جێهێشتنی تەنەکەیەکی زبڵ، بەڕشتراوی لەسەر جادە، دەبێت ڕۆژنامەوان و ڕۆشەنبیر قسەی لەسەر هەبێت. تەنانەت زۆر جار شوفێری تاکسیەك ئەگەر وشیارو خەمخۆربێت، دەبێت لەبەردەم ئەو زبڵە بوەستێ و بڵێ بۆ وایە، ئەی چۆن ڕۆشەنبیر قسەی لەسەر نەبێت؟ بڕوای من وایە، ڕۆشەنبیری ڕاستەقینە بەردەوام دەبێت بەرگری لە جوانی و پاکی و ڕاستی و حەقیقەت بکا، بەردەوام ڕوو لە دڵی خەڵك و زمانحاڵی خەڵك بێ و لە بەرژەوەندی بەشی مەینەتباران دابێت، قسە بکات و زمانی میللەت و جەماوەربێت، بەڵام بەو پێناسە قورسەی کە ڕۆشنبیر بەردەوام پارێزەری مافەکانی خەڵك و ئەو ستەمانەی کە دەرحەق بە خەڵك دەکرێ و هەر کاتێك، بە نموونە، نادادپەروریەك لەنێو کۆمەڵگە هەبێت. دەبێت یەکەم کەس ڕۆشنبیر قسەی خۆی هەبێ و دەنگ هەڵبڕێ و ڕووبەڕووی ئەو دەسەڵاتە بێتەوە، کە دادوەر و لە ڕێگەی قەڵەمەکەی بجەنگێت. بەڵام بە بڕوای من، تا ئێستا لەنێو کورد ڕۆشنبیر بەو پێناسە قورسە دروست نەبووە، بەڵکو ئێمە کۆمەڵێك کەس سەرگەرمی کەمێك هونەر و نووسین و ئەدەبین، واتە کۆمەڵگەی کوردی لەو قۆناغەی ئێستا، لە قۆناغی نەهێشتنی نەخوێندەواری دایە و بیرت نەچێت (فکر) ئەو کات کاریگەری لە کۆمەڵگە دەکات، کە کۆمەڵگە بەشێکی زۆری خوێندەواربێت. تەنانەت ئەوانەی لە زانکۆ دەردەچن و دەبنە پزیشك و ئەندازیار و مامۆستا و ئەفسەر و ... تاد ناخوێندرێنەوە. نووسەرمان هەیە تا ئێستاش لەو باوەڕە دایە، کە دەبێت بەس چیرۆك بنووسێت و بەس چیرۆك بخوێنەتەوە.

من دەیەها برادەر دەناسم، ئەدیبە یان نوسەر یان هونەرمەندە، ئەڵێ مەسەلەی منداڵ چ پەیوەندی بە تۆوە هەیە؟ ئەڵێن چ پەیوەندییەکمان بە مەسەلەی ژن و ئافرەتان هەیە؟، ژنان دەبێت خۆیان بهێنە دەنگ، تۆش ئەزانی کە ژنان بۆچی ناهێنە دەنگ، بۆیە ئەگەر پیاوێك خوێندەوار و وشیار بوو بە مافەکانی ژن و هاتە دەنگ، مانای ئەوەنییە، کە ئەو پیاوە شازە، یان سەیر و سەمەرەیە. من ئەڵێم خودی ڕۆشنبیر لە کۆمەڵگەی ئێمە هێندە بەهێز نییە بکەوێتە جەنگ لەگەڵ دەسەڵات، دەسەڵات ناچاربکات گوێ بگرێ، وەکو وتم لەدوای ڕاپەرین ژمارەیەکی زۆری زۆرمان لەنێو حزب توانەوە و ئەگەر بوێریش بووین، ئەوا هەندێکمان نوزەمان دێ و هەندێکیتریشیان نوزەی لێبڕاوە.

**کۆوار: پێت وایە ئەو ئاسایی بوونەوە سیاسیەی ئێستای کورد ئاسایی بوونەوەی ناوماڵی نووسەرانیشی لەگەڵ بێت؟ ڕێکخراو و سەندیکاکانیش بتوانن شتێك بە شت بکەن؟**

شێرزاد حەسەن: سەندیکاکان و یەکێتی نوسەران و هونەرمەندان، هونەرمەند و ئەدیب دروست ناکەن، ئەوێ شوێنێك نییە بۆ دروست کردنی ئەوانە. ڕەنگە بەس بتوانێت کۆیان بکەنەوە، لە ڕووی فیکرەوە ئاسان نییە، بڕوا بکە ئەگەر هونەرمەندان و نوسەران لە سەندیکایەك کۆببنەوە، ئەوا بەهێز دەبن، ڕەنگە لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی مەڵبەندێك هەبێت نوسەران لە شارەکان کۆبکاتەوە، بەڵام لەسەر ئاستی فیکری، مەرج نییە بتوانێت ئەو دابڕانەی کە لە شەڕی ناوخۆ دروست بوو، ئێستاشی لەگەڵ دابێت کۆبکاتەوە، بەداخەوە ئەدیب و نوسەرانی دهۆك و سلێمانی و هەولێر و ئەوانی تریش لە یەکتری جیابونەوە، من گیرۆدەی ئەوە بووم لەشەڕی ناوخۆ، کە دەهاتمە هەولێر پێیان دەگوتم، (خائین) بەڵام ئەمڕۆ کە حیزبەکان ئاشت دەبنەوە دەبینیت نوسەر و هونەرمەندان هاتوچۆی یەکتری دەکەن.

ئینجا بڕیار دەدات کۆڕ بکات لە هەولێر، پێم شورەییە نوسەران لە دوای ئاشتبونەوەی حزبەکان لەگەڵ یەکتری ئاشتدەبنەوە.

دەبوایە ئەو پردە لە نێو ڕۆشنبیر و ئەدەبی کوردی نەڕمێ، تەنانەت من بیرمە سلاویان بە دزییەوە بۆ یەکتری دەناردو نامەی بەدزییەوە هەبوو لەنێوانیان، باشە ئەگەر بێتو دیسان بەیانی حزبەکان لەگەل یەکتری توڕەبن، نوسەران دیسان دە تۆڕێن.

بەبڕوای من سەندیکا و ئەو هەموو یەکێتیانە ئەگەر سەیر بکەیت لە ڕووی تەکنیك و هونەرییەوە ڕەنگە بتوانێ خەڵك کۆبکاتەوە، بەڵام ئاگامان لێبێت داهێنان بەرهەمی تاکە کەسە، سەندیکا هەرگیز ناتوانێ گروپێکی چالاك و بەهێز لەنێو هونەرمەند و ئەدیبان دروست بکەن. چونکە وەك وتم ڕۆشنبیر لە قۆناغێکی زووی دوای ڕاپەرین بوو بە فەرمانبەری حزبی، ناچار بوو گوێڕایەڵی حزب بێ، دوا جار نان کەوتە دەستی حزب.

ئەمەش خەڵکێك لە هونەرمەند و نووسەری پەیداکرد، ناچاربێت جنێو بە بەرامبەرەکەی بدات بەرامبەرەکەی بکات بە خیانەتکار و شەیتان، ئەمڕۆ کە حیزبەکان دەڵێن ئێمە براین، ئەوانیش دەڵێن ئێمە براین. ڕەنگە دوێنێش گومان لەبەرامبەرەکەی هەبوبێت. ئەمڕۆ هەمان ئەو هونەرمەند و نوسەرانەن، کە دوێنێ لە کەناڵی ڕاگەیاندندا جنێوی بە بەرامبەرەکەی دەدا و دەیوت ئەوانە ترسناکن بۆ کورد. ئێستاش بوونەتە دۆست. بۆیە من گومانم لە پێناسەی کورد هەیە، بۆ ڕۆشنبیر و ڕۆشەنبیریمان بەو مانا قورسە نییە.